# پێڕفۆرمانس و گێڕانەوە

*نیهاد جامی*

ناوی کتێب: پێرفۆرمانس و گێڕانەوە
نووسەر: نیهاد جامی
دەرهێنانی هونەری:
بەرگ:
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ()ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە.

# پێڕفۆرمانس و گێڕانەوە

نیهاد جامی

## دەسپێک

بۆ ئەوەی نمایش نەبەینە ناو پەراوێزەوە، بەڵکو دەرگایەک بکەینەوە لەدوای خۆمان، پێویستمان بە قسەکردن و بەدەنگهاتنە، ئەو کتێبە بچکۆلەیە هەوڵێکە بۆ نووسینەوەی ئەزموونێکی شانۆیی، پرۆژەیەکی پێرفۆرمانسی نووسەری کتێبەکە و پێرفۆرمێرێکی ناسراوی شانۆی پۆڵەندیە، کە پرۆژەکە دوو کاری پێرفۆرمانسی گرتۆتە خۆی و لەچەندین شاری پۆڵەندی نمایشکراوە لەوانە کرۆسنۆ، وارشۆ، نۆڤینا، ڤرۆسواف، هەروەها لە فێستڤاڵی چیای ئەدەبی کاندید کرا بۆ بەشداریکردن، فێستڤاڵەکە لەلایان رۆمانووسی براوەی خەڵاتی نۆبل ئۆلگا تۆکارچوک سەرپەرشتی دەکرێت.

ئێمە بۆ ئەوەی ئەو کتێبە وەک دۆکۆمێنتێکی ئەو پرۆژەیە بخەینە ڕوو، هەوڵ دەدەین وێنەیەکی ڕوون بۆ تێگەیشتنی کولتووریی و شانۆیی نیشان بدەین، چۆنیەتی کارکردن و لەپاڵ ڕوانین و تێگەیشتنەکانمان دەرگا لەچەندین فرە ڕوانینی دەکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش کتێبەکە بەسەر چوار پاژ دابەش دەکەین، لە پاژی یەکەمدا قسەکردنە لەیادەوەریمان بەرامبەر بە پۆڵەندا وەک شوێن و کولتوور، بەدوای

ئـەو باســەوە هــەوڵ دەدەیـن تێگەیشـتنێکی تیۆریـی لەبـارەی پەیوەندیـی نێـوان پێرفۆرمانـس و شـانۆ بخەینـە ڕوو، بۆ ئـەوەی ئـەو خوێنەرانەی شـانۆکاریش نین بتوانن بـە تـەواوی لەکتێبەکە تێبگەن وهیچ شـتێک بۆیـان نامـۆ نەبێت و کتێبەکە تەنیـا تایبـەت نەبێت بـە شـانۆکارانەوە.

دواتـر دێینـە سـەر تێگەیشـتنی شـانۆیی و چۆنیەتـی دۆزینـەوەی ڕێگایـەک بـۆ کاری شـانۆیی لـە پۆڵەنـدا وناسـینی پێرفۆرمێرێکـی ناسـراوی ئـەم شـانۆیە، بەدوای ئـەوە هـەوڵ دەدەین یۆوانـا سـارنێچکا لەڕێی کارەکانیـەوە بناسـێنین، ئـەوەش لەبنەرەتـدا قسـەکردنە لەنێـوان گێڕانـەوەو پێرفۆرمانـس، ئەوسـا دێینـە سـەر باسـی سـەفەر و گەشـتی ئێمە لە وارشـۆوە بۆ کرۆسـنۆ و ڕۆژانـی پڕۆڤـە و نمایـش، قسـەکردن لەپڕۆڤـە و نمایـش لەلایـەک و لەلایەکیتـر لەئەلبومێکـی وێنەیـی تایبـەت بـەو پێرفۆرمانسـە دەدوێیـن کـە هونەرمەنـدی فۆتۆگرافـەری پۆڵەنـدی پاڤێـو فێیـداش ئەنجامیـداوە.

پـاژی دووەمـی کتێبەکـە لەبـارەی دیدگای هونەریـە. تیایـدا ڕاپۆرتێـک کـە چەنـد سـەرنجێکی هونەرمەندانـی ئامادەبـووی تیـا گرتوتـە خـۆی، ئەوسـا وتارێکـی هونەرمەنـد حەمـە هاشـم دەخوێنینـەوە کـە تایبەتـە بـەو دوو پێرفۆرمانسـە، لەپـاڵ وتارێکـی پێرفۆرمێـر یۆوانـا سـارنێچکا کـە لەبنەرەتـدا لـە گۆڤـاری ئەلکترۆنـی

شانۆی پۆلەندی بڵاوکراوەتەوە، کە یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی شانۆی پۆڵەندی لەئێستادا.

پاژی سێیەم تایبەتە بە گفتوگۆ، لەو بەشەدا دوو گفتوگۆی تیا بڵاوکراوەتەوە کە لەگەڵ ئێمە ئەنجامدراوە، یەکێکیان لەگەڵ گۆڤارێکی پۆڵەندیە، ئەویتریش لەگەڵ هەفتەنامەی ئەدەب وهونەری کوردستانی نوێیە.

پاژی چوارەمی کتێبەکە تایبەتە بە شانۆنامە و تێکست، هەردوو تێکستی پێرفۆرمانسەکەی تیا بڵاوکراوەتەوە، ئەوەش وەک هاوکاریکردنێکی خوێنەر بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە بابەتەکە، یەکەمیان بەناوی «پەناهەندە» شانۆیەکی تاک ئەکتەریە، دەرفەتێکی گرنگە لێرەدا سوپاسی بێپایان ئاراستەی د. ڕێباز جەلال نانەکەلی بکەین کە تێکستەکەی وەرگێراوەتە سەر زمانی پۆڵەندی، ئەوەیان لەگۆڕەپانێکی فراوان نمایشکرا، پێرفۆرمانسی دووەم «کەونارا» کارێکی پشکنینی دەنگ و جەستە و کەرنەڤاڵێکی فرە کولتورییە لەنێوان کولتورە جیاوازەکانی خۆر هەڵاتدا، بەتایبەت ئاینە کۆنەکانی وەکو زەردەشتی و میسریە کۆنەکان، لەگەڵ گۆرانیەکی کۆنی ئۆکراینی کە چیرۆکی سەفەر ونائومێدی دەگێڕێتەوە، ئەوەش ئاوێتەی ناو گۆرانی کۆنی کوردی دەبێت، دوا بەشی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ ئەلبومێکی وێنەیی فۆتۆگرافەری بواری شانۆ پاڤێو فێیداش.

ئێمە نامانەوێت وێنەیەکی گرنگ بەو پرۆژەیە ببەخشین، هێندەی نووسینەوەی هەوڵێکە بۆ ئەوەی لەناو پەراوێزی زەمەن وون نەبێت، کە دەرگای بەسەر دیدێکیتر کردەوە کە بووە جێی سەرنجی بینەرانی ئەم نمایشە، لەوەی دنیایەک بەتەنیشت ئەوانەوە هەیە، بەلام دەرگاکانی داخراوە، کردنەوەی ئەم دەرگایە لەڕێی نمایشەوە توانی گفتوگۆییەکی چڕ لەیەکەم ئێوارەی نمایشەکەوە لەگەڵ بینەرانی بخولقێنێت، سەرسامیەک لەوەی فۆرمێکی کولتووریی قسە لەساتەوەختێکی ژیان دەکات کە بۆچی کێشەی پەناهەندەی کورد لەودیو سنورەکانەوە وەک نامرۆڤێک خۆرئاوا لێی دەڕوانێت؟ ئەوە پرسیاری ئێمە نەبوو لەنمایشدا، هێندەی بەدوای نمایش پرسیارێکە بینەرانێک ئاراستەی خۆیانیان کرد.

ئەو ئەزموونە لەپۆڵەندا لەدایک دەبێت و تایبەت دەبێت بەم شوێنەوە، بۆ من هەر ئەزموونێک زادەی تێگەیشتن و کارکردنەوەیە لەگەڵ شوێندا، بۆیە لێرەدا دەمەوێت ئەو دەسپێکە کۆتایی پێبهێنم، تا بڕۆینە ناو لاپەڕەکانەوە، کۆتاییەک لەڕێی پرسیارەوە بۆ ئەوەی بتوانین کلیلی چوونە ژوورەوەی گەشتە هونەریەکەمان دەست پێبکەین و بپرسین: ئەو شوێنە کوێیە و دەکەوێتە کوێی دنیا؟ چەند لە ماڵی ئێمەوە دوورە؟

# پاژی یەکەم:
# پۆڵەندا وەک شوێن و کولتوور

## پۆڵەندا دەکەوێتە کوێی دنیا؟

بیر لەو ئێستەیە مەکەرەوە تێیدای، کاتێک لە وڵاتێکی تر دەگیرسێیتەوە، پرسیار لە شوێن شتێک نییە، چونکە ئاگایی مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە بچێت سێرچ لەسەر کۆمپیوتەر بکات و بتوانێت کەمێک زانیاری ئەگەر هەزارانەیش بێت، پەیدا بکات. واتە ئەوە شتێکە هەمووومان دەتوانین ئەنجامی بدەین، بەڵام کاتێک ئامادەبوونت لە شوێن بۆ ساتەوەختێک ڕاتدەگرێت بۆ ئەوەی بیر بکەیتەوە کەی بوو بەناوی ئەو شوێنە ئاشنا بوویت؟ چۆن بیرت لێ دەکردەوە؟ ئایا فانتازیاکانی وێناکردنت بۆ شوێن ئەوە دەرچوو یان خەیاڵەکانت جوانتر بوون؟ دەی خۆ ئەوانە بە کوردیش قسە ناکەن، ئاخۆ کاتی خۆی بیرت لەوە کردبووەوە؟.

ئەو پرسیارانە بۆ هەر مرۆڤێک ڕەوایەتی خۆی هەیە کاتێک لە وڵاتێکی نوێ جێگیر دەبێت، دەتوانێت ئەو پرسیارانە لە خۆی بکات، بۆیە لە قسەکردنی هەر کەسێک میکانیزمەکە وەک یەکن، بەڵام دەرەنجام و تێگەیشتنەکان بە شێوەیەکی تەواو جیاواز دەردەکەون، من ئەگەر ئێستە کە ئەو کتێبە دەنووسم لە ڕووسیا جێگیر بوومایە، هەڵبەت

دەبوو بگەڕامایەوە بۆ ئەو ساتەوەختەی یەکەمجار کەی بوو لە چ فیلمێکدا ڕووسیام بینی، کەی تامەزرۆی خوێندنەوە و یەکەم ڕۆمانی ڕووسیم لە ماڵی خۆمان بینی، ئەو وێناکردنە دەیبردینە ناو بابەتەکەوە، بەڵام سەرەنجام من لەوێ نیم، بۆیە قسەم لە پۆڵەندایە، چونکە لێرە سەر لەنوێ خەریکی شانۆ بووم، بۆیە دەپرسم کەی بوو ناوی پۆڵەندام بیست؟.

کاتێک ئەو پرسیارە لەخۆم دەکەم، دەبێت بگەڕێمەوە بۆ منداڵی و ئەو ڕۆژگارەی یەک دوو ساڵ بوو ماڵمان لە کەرکووک گواستبووەوە بۆ هەولێر و لە گەڕەکی کوران دەژیاین، رۆژگارێک بوو کۆڵان پڕی بوو لە یاریی ڕەسم ڕەسمێنە کە وێنەی یاریکەرانی عێراقی و ناو بازاڕی کوران وێنەی گەورەی بروسلی لە پێش دووکانی مەحموودی گۆشتفرۆش دەفرۆشران، بروسلی دوو داری بە زنجیر و دەستێکی بۆ کامێراکە ڕاگرتووە، وڕک دەگرم تا دایکم بۆم دەکڕێت، پێی وایە ئەو ناشیرین و ڕووتە، بەڵام چونکە لە ماڵی ئێمە دیواری خانووەکە ململانێی براکان بریتی بوو لە وێنەی عەبدولحەلیم حافز و فەرید ئەترەش، سەرەنجام بە بڕیاری باوکم سووچی ئەو دەلاقەیەی پەردەیەکی پێدا درابوو کە هەندێک بالیف و تەنانەت داخیلەی

من و خوشک و برا بچکۆلەکەیشمی لێ بوو، وێنەکەی بروسلی لە بەرزایی هەڵواسرا.
تۆ لەوە گەڕێ چۆن حەوت کەس لەم ژوورە دەخەوتین و قسەمان دەکرد و نانمان دەخوارد و سەیری تەلەڤزیۆنمان دەکرد و بروسلی چۆن دەستی بۆ کتێبخانە سێ ڕەفەییەکە و ژێرەوە کە دۆلاب بوو، بەرز کردبووەوە. کتێبخانەکە کۆمەڵێک کتێبی عەرەبی و کوردی تێدابوو، هەڵبەت ئەو ناوانەی دەمبینین و بە عەرەبی بوو، لەو ڕۆژگارە من نەمدەتوانی بیانخوێنمەوە، دەمزانی هەندێک ناو بەسەر کتێبەکانەوە بوو وەک ئەلبێرتۆ مۆرافیا و کۆڵن ولسن و نزار قەبانی، هەروەها کتێبێک لەناو کتێبخانەکە بوو، ئەویش هەر بەعەرەبی بوو، بەڵام چونکە کتێبی زمان بوو و لە سەری نووسرابوو «چۆن بە زمانی پۆڵەندی قسە دەکەیت» لاپەڕەکانی ئەو کتێبە بەسەر سێ بەش پۆلێن کرابوون، عەرەبی و پۆڵەندی و هەروەها نووسینە دەنگییە پۆڵەندییەکان بە عەرەبی.
چێژم لەوە وەردەگرت بیانخوێنمەوە، بەهۆی ئەوەی چەند خراپیش بمخوێندایەتەوە نەمدەزانی هەڵە دەکەم، چونکە شتێک بوو ئارەزووی قسەکردنێکی بێمانای بە منی منداڵ دەبەخشی، دوای ئەو هەموو ساڵە چەندان جار دوای ڕاپەڕین

کتێبخانـەی ماڵـەوە فرۆشـرا و دواتـر دانرایـەوە، چەندان جاری تر کتێبخانە فرۆشرایەوە، ئێستەیشی لەگـەڵ بێـت تێنەگەیشـتم ئـەو ئەفسـوونە چـی بـوو ئـەو کتێبـە قـەت نەفرۆشـرا؟ بۆیـە ئێسـتەیش ئـەو کتێبـەم لەلایە، ئێسـتە کـە دەمەوێت لەبـارەی سـەفەرە شـانۆییەکەی پۆڵەندا قسـە بکـەم، کتێبەکە لەبەردەممە وهەمـوو یادەوەریـم دەگەڕێنێتـەوە بـۆ منداڵـی و ژوورە تاقانەکـەی مـاڵ کـە بـۆ مـن گەورەتریـن کۆشـکی دنیـا بـوو.

لەگـەڵ تۆنـی وشـەکان کـە بـە هەڵەیەکـی تـەواوی زمانـەوە دەمخوێندەوە، وەک ئـەوەی مـن لـەوێ بـم لـە پۆڵەندا ئـاوا فانتازیـام دەخوڵقاند کـە بـە پۆڵەندی قسـە دەکـەم، جارێکیـان گۆڤارێکـی «مجلتي يا المزمار» بوو کـە لەگـەڵ باوکـم هەفتانـە دەچووینـە بـازاڕ و بـۆی دەکڕیـم «ئەمەیـان بابەتـی نووسـینی ترەو هـی ئێـرە نیـە ڕەنگـە ڕۆژێـک لـە رۆژان نووسـینی سـەربەخۆی بـۆ تەرخـان بکـەم» بیـرم ڕۆیشـتەوە لای ئـەو کتێبـە و هەسـتم دەکـرد لـە خانووەکـەی سـمێڵفش نامێنـم، خاوەنـی خانووەکـەی ئێمـە تێیـدا کرێچـی بوویـن، پیاوێکی کاکەیی بوو ئێمـەی منداڵ لـە کۆڵان کـە ئـەو بـۆ کـرێ دەهـات پێمـان دەگـوت سـمێڵفش هـات، هـەر بـەدەم سـەیرکردنی وێنەکانـی گۆڤـارە منداڵانەکـە کـە شـەوان دوای دەرسـەکان باوکـم یـان برایەکـی لـە

من گەورەتر بۆی دەکردمە کوردی، دۆشدامابووم، خەیاڵی منداڵی وایکرد من فێری پۆڵەندی بم «هەڵبەت چەندین ساڵی ویست تا توانیم بەپۆڵەندی قسە بکەم« بەڵام خەیاڵی منداڵی وای دەخستە ڕوو بەهۆی ئەو کتێبەوە فێری بووم لەوێ کچێکی وەک ساندی بێل دەبێتە هاوڕێم، چونکە ئەو کچە لەو کچە پاڵەوانە سەرەتاییانەی ژیان بوو کە بیری لێ بکەمەوە، لە پاڵ لینای فیلمی کارتۆنی عەدنان و لینا، لە پڕ لە خۆم دەپرسی دەبێت پۆڵەندا دوورتر بێت لەناو بازاڕ و لە مەکتەبە تەئمیم؟ «شوێنی ئێستەی بازاڕی نیشتمان» و قەڵای هەولێر.

گەر دوورتر نییە بۆ جارێک لەگەڵ باوکم نەچووینە بۆ ئەوێ؟ دەی کە هێندە دوورە دەبێت پۆڵەندا بکەوێتە کوێی دنیا؟ هێندەی نەبرد جامی جیهانی تۆپی پێ دەستی پێ کرد، ئەوە ڕێک ساڵی ١٩٨٢ بوو، پۆڵەنداکەی منیش بەشدار بوو، یەکێک لە باشترین یاریکەرەکانی کە خێرا چووە دڵمەوە و ناوەکەیشیم لەبەر کرد، ناوی «لاتۆ» بوو، ئیتر هەستم دەکرد یەکەم کەسی پۆڵەندیم لە ژیان ناسی، لاتۆ یەکەم مرۆڤی پۆڵەندی بوو کە ناسیم، درۆ نییە ئەگەر بڵێم هەر جارێک سەیری کتێبەکانی ناو کتێبخانەم کردووە، نەمزانیوە ئەو کتێبە لەناو کام ڕیزی کتێبەکان دابنێم، بۆیە هەمیشە هەڵمدەگرت و دەمخستە دۆڵابەکەوە،

وەک ئەوەی بۆ سەردەم و ڕۆژگارێکی تر هەڵمگرتبێت.
سەرەنجام لەپۆڵەندا کتێبەکەم بەدەستەوە دەگرت ودەمویست فانتازیاکانی منالّی بکەم بە ڕاستی، ئێستە دەزانم پۆڵەندا دەکەوێتە کوێی دنیا، بەتایبەت بەر لەوەی لەم وڵاتە بژیم، زۆر پۆڵەندیم لەرێی شانۆ و کتێب و نمایشەوە ناسی، وەک هەر شانۆکارێکی کورد بە ناوی گرۆتۆڤسکی زوو ئاشنا بووم، کاتێکیش کتێبی «شانۆی نوێی پۆڵەندی»م نووسی، زۆر جوانی و نهێنی هونەری و کولتووری ئەو کۆمەڵگەیەم ناسی، توانیم توێژینەوە ئەنجام بدەم لەبارەی کارەکانی کانتۆر و شاینا و هانۆشۆڤسکی و فیلمەکانی کیشۆلۆڤسکی و ڤایدا و پۆلانسکی ببینم.
ئێستە پرسیارەکەی منداڵیم گۆڕاوە، چیتر ناپرسم پۆڵەندا دەکەوێتە کوێی دنیا، ئەمێستا بەخۆم دەڵێم کوردەکان بۆ لێرە ون دەبن؟ بۆ کەس بە زەحمەت نەبێت نایەوێت فێری زمانەکە بێت، ژمارەیەک پەناهەندە بەر لە من هاتوونەتە ئێرە و نایانەوێت فێر بن، سەرباری ئەوەی ژمارەیەک قوتابی کورد لێرە دەخوێنن، ئۆفیسێکیش هەیە بەناوی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم، کەچی شتێک نابینیت بەناوی چالاکی کوردی، هەموو ئەو قسانەی لەبارەی جالیەی کوردیی و چالاکی کولتووری لە پۆڵەندا دەکرێت، هیچ نییە جگە لە پۆستی فەیسبووک و دانیشتنی هاوڕێیانە،

ئـەو دیمانـە و گفتوگۆیانـەی بـۆ ڕۆژنامـەکان ئەنجـام دەدرێـت و لەنـاو تـۆڕی فەیسـبووک دەیانەوێـت وا لـە کوردسـتان بگەیەنـن، چالاکـی و جالییەکـی چالاکمـان هەیـە، هیـچ نییـە جگـە لـە گەمەیەکـی دەمامکسـازی بـۆ فریودانـی خەڵکـی نـاو کوردسـتان.

لێـرە هەمـوو ون دەبـن، شـوناس شـتێک نییـە ئیتـر داکۆکـی لـێ بکرێـت، ناوەندێـک نییـە لـە وارشـۆ بـۆ ئـەوەی چالاکی کـوردی ئەنجـام بدرێـت، کـەس نازانێت ئـەو ئۆفیسـەی بەنـاوی حکوومـەت لێـرە کراوەتـەوە بـە چ مەبەسـتێکە، کەسـێک نەبـوو پێیـان بڵێـت: ئێـوە لێـرەن دەرگاکـە بکەنـەوە بـا هەناسـەکانتان پـاک ببنـەوە، کەسـێک نییـە لـەوێ خەمخـۆری کولتـوور بێـت و بڵێـت پێویسـتە لـەوێ دەنگـی کـورد و ئامادەبوونـی کولتـووری بسـەپێنرێت، کـەس نییـە ئـەو هەمـوو شـەڕ و هـاوار و درۆیـە بگۆڕێـت بـۆ یەکخسـتنی چالاکییەکـی کولتـووری جالیـەی کـوردی.

سـەرەنجام دەبێـت بـە منداڵیـم بڵێـم «دۆزیمـەوە زانیـم دەکەوێتـە کوێـی دنیـا، شـوێنێکە دوور دوور هـەر کوردێـک بگاتـە ئـەو خاکـە دەبێـت بـە دوژمنـی یەکتـر تـا لەنـاو سـەرگەردانی خۆیانـدا بژیـن، هەمـوو تەنیـا دەمێنینـەوە، لـە سـێ کارەکتەرەکـەی فیلمـی سـتالکێری تارکۆڤسـکی دەچیـن».

## پێرفۆڕمانس و شانۆ

دەرکەوتنی پێرفۆڕمانس لە کاری هونەریدا، پەیوەست نەبوو بە تێگەیشتنی ڕواڵەتیانەی هونەری، بەڵکو زادەی دوو قۆناغی فەلسەفیە، بەواتایەکیتر بەدوای ئەو ململانێ فەلسەفیەی نێوان تازەگەری و پاش تازەگەری، پێرفۆڕمانس دەرکەوتووە، ئەوەش وەک دەرکەوتەیەکی پاش تازەگەریە کە سەرەتا پەیوەست بوو بە هونەری تەلارسازی و هیچ پەیوەندیەکی بە هونەری شانۆییەوە نەبووە، دواتر خێرا دەپەڕێتەوە ناو هونەری شێوەکاری، لەوێوە بوونی خۆی وەک کاری هونەری نیشان دەدات، ئەوە وا دەکات دەرگا بۆ هەردوو هونەری سەما و شانۆش بکاتەوە کە پێیەوە ئاشنا ببن.

دوو فەیلەسووف کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئەو هونەرە هەیە، ئەوانیش لیوتار و گیانی ڤاتیمۆ، ئەوەی یەکەمیان کاتێک لەکۆتایی هەفتاکان کتێبێک دەنووسێت بەناوی "هەلومەرجی پاش تازەگەری" لەو کتێبەدا باس لەوە دەکات تازەگەری فەلسەفی پرۆژەیەک بوو کۆتایی هات، لێرەدا یەکێک لە موریدەکانی فەلسەفەی تازەگەری فەیلەسووفی ئەڵمانی هابرماس بوو کە لە ڕێگەی وتارێکدا لەژێر

ناوی "تازەگەری پرۆژەیەکی ناتەواوە" وەڵام بەو هەڵومەرجە دەداتەوە کە کۆی ڕوانینەکانی هابرماس قسەکردنە لەوەی کە تازەگەری کۆتایی نەهاتووەو ئەوەی دەووترێت دەکرێت ڕەخنەگرتن بێت لە تازەگەری نەوەکو کۆتایی هاتنی تازەگەری، لەوەشدا هابرماس دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانینەکانی فەیلەسوفی تازەگەری هیگڵ.

گرفتی هابرماس لەو ڕوانین و ئینتیما ئایدیۆلۆژییە کەوا ئەو ناتوانێ دەستبەرداری ناو تێکستەکانی هیگڵ و کانت ببێت بەوەی ناشتوانێ بڕوا بەوە بێنێت کە تازەگەری کۆتایی هاتووە، لەدیدگای ئەودا دەکرێت ئەو ڕوانینە درێژکراوەی ناو تازەگەری خۆی بێت، لەوەشدا ڕێک لە فەلسەفەی نیتچەدا سەیری دەکات، لێرەوە ململانێی ئەو دوو تێگەیشتنە فەلسەفیە کەوتنە ناو ڕووبەرێکی ڕەخنەییەوە کە ڕەنگە ئەوەیان پەیوەست نەبێت بە باسەکەی ئێمەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە بیرکردنەوەی مرۆڤی تازەگەری کە مرۆڤێکی عەقڵانیە ڕەنگە ئەو باسە هێندەی باسێکی فەلسەفەی تازەگەری خۆی بێت پەیوەست نەبێت بە پێرفۆڕمانسەوە، بۆیە ئەوەیان واز لێ دێنین و دێینە سەر فەیلەسووفێکیتر کە گرنگی تەواوی بەسەر کاری پێرفۆڕمانسەوە هەیە و پێرفۆڕمێرەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو فەیلەسووفە

ناتوانن باس لەو هونەرە بکەن ئەویش ڤاتیمۆ یە.

ڤاتیمۆ لە کتێبە گرنگەکەیدا بەناوی "کۆتایی تازەگەری" باس لەوە دەکات کە تازەگەری ئاراستەیەکە دەبێت پێشنیاری دوای ئەو بکەین، کە ئەوەی دوای تازەگەری دێت چیە؟ چونکە ناکرێت تازەگەریەک کە لەشوێنی خۆی دەوەستێت ئیتر هەروا بەجێی بێلین، ئەو گەشەسەندنە مێژوویە وای کرد تازەگەری بگاتە ئەو شوێنە، بۆیە پێویستیش دەکات ڕاڤە کۆنەکان بەجێ بێلین و بەرەو دوای ئەو هەنگاو بنێین.

بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕێک دەمانگەیەنێتە سەر بۆچوونێکی گرۆتۆفسکی بۆ پێرفۆڕمانس کە دواتر دەگەڕێینەوە سەری، ڤاتیمۆ مەبەستەکەی هێندە ڕوونە پێم وایە پێویستی بە لیکدانەوەی زۆر نەبێت، کە دەیەوێت ووریامان بکاتەوە بۆ ئەوەی دۆخی تازەگەری تێبپەڕێنین و لەشوێنی خۆیدا نەیهێلینەوە، لەو سۆنگەیەوە دەکرێت باس لە چەندین ڕەخنەگری شێوەکاری بکرێت کە ویستیان لەپێناو دەرچوون لەو دۆخەی تازەگەری بەدوای هونەرێکی باڵادا بگەڕێن کە بەبڕوای ئێمە "مایکل فرید" گرنگترینیان بێت، کە تائەمڕۆش باسی لێوە بکرێت.

ئەوەش ئەو هونەرەیە کە بە پێرفۆڕمانس خۆی

ناسـاند، کـە بریتـی بـوو لـە هونەرێکـی زینـدووی ساتەوەختی لە زەمەنی کارکردندا لە شوێن و کاتی جیـاواز دەخرایـە ڕوو، دواتـر خێـرا وەک سـەمای پێرفۆڕمانسیش خۆی خستە ڕوو، کە وەک سـەمایەک لەنـاو هونەرێکـی پـاش تازەگـەری دەرکـەوت، ئـەو دەرکەوتنـە وای لەچەندیـن ڕەخنەگـری ئـەو بـوارە کرد باس لـە پێرفۆرمانس لەهونـەری سـەمادا بکـەن، کـە یەکێـک لـەو ڕەخنەگرانـە سـۆزان لانجـەر بـوو.

هەڵبەت کە پێرفۆڕمانس لەشانۆدا دەرکەوت، لە فۆڕم و نۆرمێکدا خۆی نەخستە ڕوو، بەدرێژایی دەرکەوتنی ئـەو هونـەرە لەشـانۆدا هەمیشـە لەگۆڕانکاریـدا بـووە، کـە دواتـر ووردتـر لەسـەر ئـەو تێگەیشـتنە شـانۆییەی دەوەسـتین سـەرەتا ئـەوەی مەبەسـتمانە بیخەینـە ڕوو تەنیـا ڕوانینێکـی گشـتیە بـۆ چۆنیەتـی سـەرهەڵدان و ماناکانی دواتر دەگەڕێینەوە سەر گرنگی و بەهـای لـە شـانۆ و گۆڕانکاری و چۆنیەتی کارکـردن تیایدا.

ئـەو دەمـەی پێرفۆڕمانس ڕێساکانی تازەگـەری تێک دەشـکێنێت، چیتـر تازەگـەری خاوەنـی ڕێسـایەکی نەگـۆڕ نیـە، وەک چـۆن لەتەلارسـازیدا ئـەو ڕێسـایە بـەدوای ئـەو پیشـانگایەی سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی بیستەم لە ڤینسیا کرایـەوە کە سی ئەندازیار دیزاینـەرە تەلارسـازیەکانی خۆیـان خسـتە ڕوو، کـە بە بڕوای ڕەخنەگری ئیتاڵی پاولۆ پۆرتۆگیزی ئـەوە

سەرەتای کودەتا ڕاستەقینەکە بوو کە لە تازەگەری کرا، چونکە ئەوان لەڕووی تەلارسازیەوە توانیان هاوسەنگیەکی جیاواز بدۆزنەوە لەنێوان حەقیقەتی تەلار و بەهای جوانکاریدا، ئەوەش وەک ئەو دەیخاتە ڕوو وەزیفەی کارەکە شێوە هونەریەکەی دەسەپێنێت.

ڕێسا عەقلانیەکان و ئەفسانەکانی تازەگەری لێرەوە دەکەونە ژێر هەڕەشەی کۆتاییەک کە نەک بەتەنیا لە تەلارسازیدا، بەڵکو خێرا پەڕیەوە ناو دەیالۆگی فەلسەفی و دواتریش هونەری شێوەکاری بەهەموو لقەکانیەوە هەوڵیدا لەناو ئەفسانەکانی تازەگەری بێتە دەرەوە، چونکە ڕێسا عەقلانیەکانیان تێکشکاند.

لێرەدا نابێت ئەو کۆمەکە گرنگە لەیاد بکەین کە فەیلەسووفی فەرەنسی ژاک دێریدا قسەکردنەکانی لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی ناوەندگەریێتی عەقڵ بوو، بەوەی چۆن ئەو ناوەندە هەڵدەوەشێنینەوەو سەر لەنوێ لەڕێگەی بونیادەوە ڕێکی دەخەینەوە، بە بڕوای دێریدا گرنگی بونیاد لەوەدایە ئەو ناوەند "سێنتەر" ی نیە، بەڵکو بەدوای هەڵوەشاندنەوەی ناوەند بونیادەکان خۆیان دەنووسنەوە.

ئەوەش بۆ هونەری پێرفۆڕمانس بەواتای چیتر ڕێساکان و تێگەیشتنە عەقڵیەکان پێوەری داهێنان نین لەکاری هونەری، کاری هونەری دەبێتە زادەی

ئـەو دۆخ و سـاتەوەختەی کـە کارەکـەی تیـا ئەنجـام دەدەیـن، ئەنجامدانەکەشـی بـۆ سـادەکردنەوە نیـە، هێنـدەی لەپێنـاو خولقاندنـی گەڕانێکیتـرە کـە ئـەوە پێویسـتی کارەکەیە شـێوە هونەریەکەش دەخولقێنێت.
ئێمـە لێـرەدا کاتێـک دەبینیـن پێرفۆڕمانـس بەتەنیـا لەهونـەری شـێوەکاری نامێنێتـەوە، بەهـۆی ئـەو ڕەهەندە جوانکاریـی و فەلسـەفییەی خێـرا دەپەڕێتـەوە نێـو هونـەری شـانۆ، بەتایبـەت کـە شـانۆی ئەزموونگـەری بـۆ خـۆی لـە گەڕانێکی بەردەوامدا بـوو لەپێنـاو دەربازبـوون لەڕێسـا عەقڵانیەکانـی شـانۆ، کـە ئـەوە وای کـرد وەک میکانیزمێکیتـری گـەڕان بـۆ شـانۆی ئەلتەرناتیـڤ سـەیر بکرێت، بەتایبـەت لـەلای شـانۆکارانی پۆڵەنـدی، بەهـۆی ئـەوەی زۆربـەی ئەزموونکارانـی شـانۆی پۆڵەنـدی پێشـتر لـە هونـەری شـێوەکاری کاریـان کردبـوو.
کاتێک پێرفۆڕمانس لە ئەزموونی شانۆکارانی پۆڵەندی دەردەکەوێـت جارێکیتـر ڕووبەرێکـی فەلسـەفیانەی جیـاوازی پـێ دەبەخشـرێت، بەهـۆی ئـەوەی پرسـیاری ئـەو مرۆڤـە بەتەنیا لەڕێسـای کاری هونـەری ناهێڵێتـەوە، لێـرەدا پرسـیارەکە ئەوەیـە: بۆچـی و بـەر لـەوان پێرفۆڕمانـس لـە شـانۆدا چـۆن دەرکەوتبـوو؟
ڕەنگـە لەسـاتی وەڵام بـەو پرسـیارە زۆر نهێنـی و ناکۆکیمـان بـۆ بکەوێتـە ڕوو، چونکـە پێرفۆڕمانـس بریتـی نیـە لـە شـێوازێکی شـانۆیی، بەڵکـو گەڕانێکـی

بەردەوامە بە پێی پێداویستی دۆخە هونەریەکە، هیچ ساتێک ڕێسایەک نابێتە هۆی ئەوەی کە کارەکە بچێتە نێو چوارچێوەیەکەوە، هێندەی ئەوەی بنیاتی دەنێت ئەو ئاگاییە شانۆییە و چۆنیەتی دارشتنەوەی ئەو دۆخەیە لەناو شانۆدا، بۆ ئەوەی بابەت وەک کێشەیەکی خودێتی نەخرێتە ڕوو، هێندەی ئەو خودە چۆن لەناو بابەتەکەدا یەکەیەکی هونەری بەرجەستە دەکات، ئەوە بەتەواوی جیاوازە لەو وێنەیەی شانۆی شەقام یاخود هەندێک لە ئەزموونەکانی دەرەوەی برۆدوای پێشکەشیان دەکرد، شانۆی نان و بووکە شووشەی پیتەر شۆمان بەهیچ جۆرێک ئەزموونێکی پێرفۆڕمانس نیە، چونکە شانۆیەکە لەناو پێداویستیەکی ئایدیای تایبەت و چوارچێوەیەکی دەست نیشان کراو کار دەکات، هەندێک لە ئەزموونەکانی ژۆلیان بیک و ژۆدیت مالینا کاری پێرفۆڕمانسین، بەتایبەت لەچۆنیەتی کارکردنەوەیاندا لە ئەزموونی "ئەنتیگۆنا" دا.

بەڵام دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت ئەو پێرفۆڕمانسە کە ئیشکردنەوەیە لەتەک تێکست وەرگرتنەوەی تەواوی تێکست نیە، هێندەی چۆنیەتی وەرگرتنەوەی تێکست و دارشتنەوەیەتی بە پێی ئەو پێداویستیە هونەریەی کە ئەو خوازیاریەتی، ئەوەش پێرفۆڕمانسی سەرەتای کاری شانۆییە، چونکە ئێمە لەپاڵ هەموو هەوڵ و

گەڕانـە پێرفۆڕمانسـیەکان، دوو شـێوەی سـەرەکیمان هەیـە لەنـاو کاری پێرفۆڕمانسـیدا، کـە یەکێکیـان پشـت بەسـتنە بـە گێڕانـەوە.. ئەویتریشـیان ئیشـکردنەوەی ڕاسـتەوخۆیە لەتـەک جەسـتە، بـۆ ئـەوەی لـەو دوو شـێوە سـەرەکیە بدوێیـن ڕاسـتر وایـە لەسـەر هەندێک بنەماکانی ئـەو دووانە بوەسـتین، چونکە ئـەو دوو شـێوە پێرفۆڕمانسـە، کاریگـەری لەسـەر تـەواوی کارەکان دانـاوەو دواتریـش وەک پڕۆژەی ئەلتەرناتیـڤ وجیـاواز لەشـانۆدا دەرکەوتـووە، تـا ئـەو ئاسـتەی لـە ئێسـتادا هەڕەشـە لـە شـانۆی سـونەتی دەکات و لەداهاتووشـدا توانـای ئـەوەی هەیـە شـوێنی شـانۆ بگرێتـەوە، شـوێنگرتنەوە بـەو مانایـەی کـە هونەرێکە لەنـاو ئاقاری بیرکردنـەوەدا پرسـیارە هەنووکەییـەکان دەباتـەوە نـاو مێـژوو لەوێوە ئامادەبوونـی خـۆی وەک ئـەو زەمەنـەی ئێسـتایە ئـاوا دەڕواتـە نـاو مێـژوو، بەهەمـان شـێوە مێـژوو دێنێتـەوە نـاو ئـەو هەنووکـە شـانۆییە کـە لـە زەمەنـی یادەوەریـی بیگـۆڕێت بـە زەمەنـی شـانۆیی کـە زەمەنـی فەلسـەفی پێرفۆڕمانسـە.

گێڕانـەوە چەمکێکی ئەڕسـتۆیی نیـە، بەڵکو گێڕانـەوە بەشـداریکردنێکی زەمەنـی تێکسـتە لەنـاو ئێسـتای مندا کە بریتیە لە خۆنمایشـکردنم لەو سـاتەی بە نمایشـەکە هەڵدەسـتم، پێرفۆرمێر بـۆ چەمکی گێڕانـەوە پشـت بـە تەکنیکـی تایبـەت بـە پێرفۆڕمانسـەکەی دەبەخشـێت،

بەواتـای ئـەوە تەكنیكـە ئامادەكانـی گێڕانـەوە و تیۆرەكانـی گێڕانـەوە نیـن، بەڵكـو ئامادەبوونـی فیگـوری مـن لـەو پێرفۆڕمانسـەدا توانـای خوڵقاندنـی تەكنیكـی گێڕانـەوەی هەیـە.

سـەرەتای هەشـتاكانی سـەدەی بیسـتەم كارە پێرفۆرمانسـیەكانی پینـگ چۆنـگ گێڕانـەوەی تیـادا بردۆتـەوە نـاو مانـای ئاڵـۆزەوە كـە پەیوەسـتە بـە كارەكانـی لـەو سـاتەوەختەی نمایشـی دەكات، بـە بـڕوای تویێژەرێكـی بـواری پێرفۆرمانسـی وەكـو ژۆناتـان كالـب گێڕانـەوە لـە كارە پێرفۆرمانسـیەكانی چۆنـگ متمانـە دەكاتـە سـەر ڕەگـەزی چیرۆك، بـەڵام بـە پلـەی سـەرەكی ئامانجـی ئـەوە نیـە چیرۆكێكمـان بـۆ بگێڕێتـەوە.

هەرچـی ڕەخنەگـر نۆیـل كاڕۆلـە لەبـارەی كارەكانـی چۆنـگ بۆچوونـی وایـە میكانیزمەكانی كاركردنـی ئـەو لەپێنـاو تێپەڕینە بەنـاو ئـەو بابەتانـەی كـە مەبەسـتیەتی بەبـێ ئـەوەی تێكەڵیـان بـكات، لەهـەر دەربڕینێكـی ئـەو كارەی ئەنجامـی دەدات مەبەسـتێكی سـەربەخۆی هەیـە كـە تێكەڵـی ناكاتـەوە بـە مەبەسـتێكیتر.

ئـەو شـێوە پێرفۆرمانسـە سـیماكانی لـە كاری هونەرمەندێكـەوە جێگیـر نەبـووە، چونكـە ئەگـەر تەماشـای كارەكانـی ئیلیزابێـس لـی كۆمپێـت بكەیـن، كـە لەكۆتایـی هەفتاكانـەوە دەسـت پێـدەكات و بـۆ

سـەرەتای هەشـتاکانیش بـەردەوام دەبێـت، تێبینـی ئـەوە دەکرێـت ئـەو لەکارەکانیـدا هەوڵـی ڕەگـەزە بینـراو و بیسـتراوەکان دەدات، بەواتـای پێرفۆرمانـس لـەلای ئـەودا وێنـەی بینـراوە لەپـاڵ وێنـەی بیسـتراو.

لـەو ڕوانگەیـەوە هەوڵیـداوە کار لەسـەر چەندیـن تێکسـت بـکات، لەوانـە شـانۆگەریەکی ئیلیـۆت هەڵدەبژێرێـت، نـاوی دەبـات بـە "هەڵبژاردنـەکان" کـە لـە شـەش هەڵبـژاردن بەرجەسـتەی دەکات، یاخـود کارەکانـی گروپـی وۆسـتەر بەتایبـەت لەشـانۆگەری "گەشـتی ڕۆژێکـی درێـژ بـۆ قوڵایـی شـەو" ی یۆژیـن ئۆنێـل کـە لەمـاوەی ١٣ دەقیقـەدا نمایشـکراوە، کـە پێرفۆرمێـرەکان تەنیـا دیارتریـن دەیالۆگەکانـی نـاو شـانۆنامەکەیان هەڵبـژاردووە بـۆ کارکـردن.

هـەر هونەرمەندێـک بەپێـی تێگەیشـتنی بـۆ کارەکـەی خـۆی هەوڵیـداوە ئاگایـی کولتوریـی و جوانیناسـیانەی ببێتـە هـۆی ئـەوەی چـۆن سـەر لەنوێ فـۆڕم بەو نمایشـە دەبەخشـێت، لـەو کاتـەدا ئـەوەی نایکاتـە ڕێسـایەک پەیوەسـتە بـەو ڕۆحـە ئەزموونکاریەتـەی هەمیشـە لەنـاو گەڕاندایـە کـە شـوێنێکی نیـە بـۆ وەسـتان و بەخشـینی وەک سـتایلێک، بـەڵام هەمیشـە تێگەیشـتنێکی فیکـری قـووڵ لەپشـت کارەکانەوەیـە، بەواتـای بەتەنیـا هەسـتی ڕووکـەش بـۆ دیاردەیـەک یـان گرفتێـک ناکەنـە هـۆکار بـۆ خولقاندنـی کارە هونەریەکـە، هێنـدەی

دەیانەوێت لەپاڵ ئـەو تێگەیشـتنە هونەریـە قوڵاییەکـی فیکریـی و بیرکردنـەوەی فەلسـەفی پـێ ببەخشـن، ئـەوەی بـۆ ئـەوان گرنـگ نەبێـت ژمـارەی پێرفۆرمێـرە، بـەڵام گرنگـە کـە ئـەوە لـە نمایشـی سـونەتی شـانۆ کاریگـەری زیاتـر بخوڵقێنێـت، گـەر وانەبێـت ڕوو دەکرێتە نمایشت کردنەوەی تێکستەکان لەسـەر شـانۆ، بـەڵام چونکـە مـەودا و ڕووبەرێکیتـر دەخوڵقێنـن بۆیـە بەو شـێوەیە دەیخەنە ڕوو، هیـچ کاتێکیش لـە نمایشـی شـانۆیی وەک ئـەوەی هەیـە بە کەمتر سـەیری ناکەن، وەک چـۆن ژنـە پێرفۆرمێـر کاریـن فینلـی لەڕێگـەی نمایشـی مۆنۆدرامیـەوە دەیویسـت کامێـرا و وێنـەی فۆتۆگرافی بەشـداری لـە گێڕانـەوەی تاوانـەکان بکات، ئـەو گێڕانەوەیـە بـۆ خوڵقاندنـی مەودایەکـی فیکریـی بـوو بـە تـاوان، بەواتـای ڕووداوەکانـی ڕۆژ بـۆ وورووژاندن نیـە لەسـەر شـەقام و ئـەو شـوێنانەی کـە پێرفۆرمانسـەکەی تیـا ئەنجـام دەدرێـت، بەڵکـو لەپێنـاو چۆنیەتـی داڕشـتنەوەیە لەنـاو یەکەیەکـی جوانکاریـی و فیکریـدا.

رەنگـە لـەو شـێوە پێرفۆرمانسـەدا نمونـەی پێرفۆرمێـری زۆر لەبەردەسـتدا بێـت، بـەڵام دەشـێت لـە نوسـینی کورتـە وتارێکـدا گەڕانـەوە بـۆ تـەواوی هەوڵـەکان ئـەو گرنگیـەی نەبێـت بەقـەد ئـەوەی تیشـک خسـتنە سـەر شـێوەی پێرفۆرمانسـەکە بـۆ

خـۆی گرنگـی تایبەتـی هەبێـت بـۆ ئـەوەی ئاگایـی و مەعریفەیەکمـان لەبارەیـەوە هەبێت.

شـێوەیەکیتری پێرفۆرمانـس بێینـە قسـەکردن، کـە پێـم وایـە گرنگـی تایبەتـی خـۆی لەئێسـتادا هەبێـت و بەردەوامـی و گەشەسـەندنی هەمیشـەیی بەخۆیـەوە بینیبێت، ئەویش پێرفۆرمانسـی جەستەییە، کە دەتوانین بیگەڕێنینـەوە بـۆ هەوڵـە بەردەوامەکانـی شـانۆکارانی پۆڵەندی بەتایبەتـی لـە کارەکانی گرتۆفسکی و کانتور و گیگیۆفسـکی و ئەوانیتـردا.

پێرفۆڕمانس سـەرباری دەرکەوتنی لەناو هونەرەکانی شـێوەکاری و شـانۆ و سـەما، بـەڵام بوونی ئـەو هونـەرە لەلایـان شـانۆکارانی پۆڵەندیـەوە لەڕاسـتیدا ڕووبـەرو پانتاییەکیتریـان پـێ بەخشـی، هـۆکاری سـەرەکیش ئـەوە بـوو زۆربـەی شـانۆکارانی پۆڵەنـدی کـە بـە ئەزموونـکارە نوێیـەکان ناویـان دەرکردبـوو، پێشـتر لەهونـەری شـێوەکاری وەک شـێوەکار ناسـرابوون و دواتـر ڕوویـان کردبـووە شـانۆ، بـۆ ئـەوەش توانیـان لـە کاری پێرفۆرمانسـیدا پەیوەندیـەک بخوڵقێنـن لەنێـوان هونـەری شـێوەکاری و شـانۆدا.

دۆزینـەوەی ئـەو پەیوەندیـە خاڵـی نەبـوو لـەو قەیرانـە کولتوریـەی مرۆڤـی پۆڵەنـدی خـۆی کـە بەهـۆی نازیەتـەوە ڕووبـەرووی ببۆوە، کە جەسـتە لـە فڕنەکانـی نازیـزم دەسـووتێنرا، ئـەو بێبەهـا بەخشـینە

بە جەستەی مرۆڤی پۆڵەندی، بۆ خۆی توانی ئەو پرسیارە ڕووبەرووی ئەو کۆمەڵگایە بکاتەوە: جەستەی من بوونی چییە؟

گەڕانەوە بۆ ناو گفتوگۆکانی شانۆکارێکی وەکو یۆزیف شاینا کە ڕۆژێک بەر لەوەی بخرێتە فڕنەوەو بسووتێنرێت.. چۆن بە پەرجوویەک ڕزگاری بووە، بۆ خۆی پرسیاری جەستە لەلای شانۆکاری پۆڵەندی دەکاتە پرسیاری کولتوریی ئەو کۆمەڵگایە، هەر بۆیە جەستە چەندە پەیوەستە بەو ئاگاییە شێوەکاریەی شێوەکاران کە دواتر پەڕینەوە ناو شانۆ، لەهەمان کاتیشدا پەیوەستە بەو ئاگاییە کولتوریەی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە.

ئەو کۆمەڵگایە لەبەردەم هەوڵە شانۆییەکانیشدا گەیشتبووە خاڵێک کە پەڕینەوە و ڕووە و شانۆیەکیتر بوو، چونکە شانۆ وەک ئەوەی هەبوو ئیتر پێویستی بەوە بوو لەڕووبەرێکیتردا وەڵام بە پرسیارەکانی ئەوان بداتەوە، بەتایبەت ئەو دەمەی گرۆتۆفسکی ووتی "ئێمە لەسەردەمی ئەودیوی شانۆداین"

ئەو ووتەیە زادەی گەڕان بوو بەدوای هونەرێک کە چیتر لەڕێگەی کەرەستە شانۆییەکانی سەر تەختەی شانۆ گوزارشت لەخۆیان نەکەن، ئەوە بۆخۆی بانگەشە کردنێکی پێرفۆرمانسیانە بوو کە لەڕێگەی جەستەوە بنیاتی دەنا، ئەو تێگەیشتنەی

گرۆتۆفسکی بۆ ئەودیوی شانۆ، هەمان تێگەیشتنی ڤاتیمۆ یە بۆ فەلسەفە کە بەدوای تازەگەری فەلسەفە پێویستی بە پاش تازەگەریە، چونکە تازەگەری کۆتایی دێت، ڕەنگە پێرفۆرمانس بۆ خۆی لەبەردەم پەڕینەوە بێت بۆ دۆخێکیتر، کە دۆخی پێرفۆڕمانس بێت، هەڵبەت ئەوە بۆ گرۆتۆفسکی بەتەنیا کارکردن نەبوو بۆ شێوە ئەزموونێکیتر هێندەی ڕووبەرێکی فەلسەفیانەی شانۆ بوو، ئەگەر ووردبینانەتر قسە بکەین دەبێت شێتی ئاڕتۆ بگەڕێنینەوە بۆ درک نەکردنی کۆمەڵگای خۆرئاوایی بۆ هونەرێکی پێرفۆڕمانسی، بەڵام سەرەنجام ئارتۆ وەک تیۆریستی شانۆیی نەک وەک دەرهێنەر بەو فەیلەسووفە شانۆییە دەمێنێتەوە کە زەمینەی گوتاری ئەلتەرناتیڤی لەشانۆدا بنیاتنا.

بۆچی ووتمان تیۆریست نەک دەرهێنەر؟ چونکە گەڕانەوە بۆ ئەرشیفی کارەکانی لەرێی تێکست و ڤیدیۆ تۆمارکراوەکان نیشانی دەدات، ئەو نەیتوانیووە تیۆرەکانی بگوازێتەوە ناو ڕووبەری نمایش، سەرباری ئەوەی ناکۆکی دەکەوێتە بیرکردنەوە کاتێک شانۆی ئارتۆ خالی بکەینەوە لەدۆخی دەروونی ئاڕتۆ خۆی، چونکە شانۆیەکی نەستیە، لەناو دۆخێکی سایکۆلۆژیدا، پێشتریش لە سیمینارێکی ڤیدیۆیی تۆمارکراودا بەدرێژی لەو

بابەتە قسـەمان کردووە، گرنگ ئەوەیە ئـەو زەمینـەی ئارتۆییـە گرۆتۆفسـکی بەتەنیـا نایهێنێتـە دی، بەڵکـو ئـەو دیـدە فەلسـەفییەش تیایـدا دەخاتـە ڕوو، بۆیـە پێرفۆڕمانـس مانـای نـەدۆزراوە بـۆ ئـەو هەوڵـە دەدۆزێتـەوە.

لێرەدا نمایشـی شـانۆیی دەگۆڕێت بۆ پێرفۆڕمانـس و ئەکتەریـش نـاو دەبـات بـە پێرفۆڕمێـر، لـەو بارەیـەوە گرۆتۆفسـکی دەڵێـت "پێرفۆڕمێـر پیـاوی کـردارە.. نـەوەک ئـەوەی ڕۆڵـی پیاوێکیتـر دەبینێـت، ئـەو سـەمازانە، جەنـگاوەرە، لـەدەرەوەی هەمـوو چوارچێـوەو ڕەگـەزە هونەریەکانـەوە، سـرووتیش پێرفۆڕمانسـە، یـا کردەیەکـی تەواوکـەرو کردەیەکـی تـەواوە، نمایشـیش تێکشـکانی سـرووتە، لێـرەدا لـەو ڕێگەیـەوە نامەوێـت، شـتێکی نـوێ بدۆزمـەوە، بەڵکـو کەشـفی شـتێکی لەیادکـراو بکـەم"

کەواتـە پێرفۆڕمێر بوونـی ئامادەبوونـی خۆیەتـی نـەک نوێنەرایەتـی کردنـی کارەکتـەر، ئـەو نوێنەرایەتـی کـەس نـاکات، ئـەوە سـرووتێکی شـانۆییە تیایـدا پێرفۆڕمێـر ئامادەبوونـی وەک مـرۆڤ لەتـەک ئامادەبوونـی مرۆییانـەی وەرگـر یەکەیەکـی ڕیتواڵـی پێکدێنـن، کـە مۆتیڤێکـی چەمکـە لەڕووبـەری پێرفۆڕمانسـدا.

جەسـتە بـۆ گرۆتۆفسـکی ڕووبەرێـک نیـە کـە تێکسـت لەسـەر شـانۆ ملکەچـی پێبـکات بەڵکـو

وەک دەڵێت "جەستە یادەوەری نییە، بەڵکو خۆی یادەوەریە، ئەوەی دەبێت پێی هەڵبستێت لابردنی بەربەستەکانی جەستەیە" ئەوەش ئەو کردارەیە کە پێرفۆرمانسەکەی تیا ئەنجام دەدرێت، ئەو پەیوەندیەی جەستە و بابەتگەریتی دەیخولقێنێت، چونکە جەستە وەک جۆرێک لە یادەوەری دەبینێت، ئەو یادەوەریە لەتەک ئەو زەمەنە هەنوکەییەی پێرفۆرمێر گوتاری ئێستای من بنیات دەنێت، ئەو منە کێشەیەکی فەلسەفی ڕووبەرووی دەکاتەوە بەوەی (منی جەستە) و (جەستەی من) دوو تێگەیشتنی پێرفۆرمانسیانەیە بۆ جەستە، ئەگەر لەو کارە پێرفۆرمانسیانەی ناو تێکستەکان کە سەرەتا وەک گێڕانەوەی پێرفۆرمانسی ئاماژەمان بۆ کرد من تیایدا ببێت بە منی جەستە، ئەوا من لەڕێگەی چەند دەیالۆگێکەوە دێت بۆ خۆنمایشکردن جەستەشی دەخاتە خزمەتی ئەو نمایشەوە، ئەوەش تەنانەت لەلای شانۆی زیندووی جۆدیت مالینا وژۆلیانا بیکیش هەستی پێ دەکەین.

بەڵام ئەو دەمەی جەستەی من ئامادەبوونی هەبوو، مانای وایە جەستە نەخراوەتە ژێر دەسەڵاتی فەزای تێکستەوە، بەڵکو جەستە بۆخۆی ئازادبوونی گوتارە، کە توانای بنیاتنانی ئێستای هەبێت لە ساتەوەختی پێرفۆرمانسەکەدا.

لێرەدا دەتوانین شێوەیەکی جیاواز لە کاری پێرفۆرمانسی بەدی بکەین، کە ئەو ڕوانینەی گرۆتۆفسکی ئەمڕۆ کاریگەری لەسەر زۆر ئەزموون و کاری پێرفۆرمێرەکان بەجێ هێشتووە و دەشێت لەداهاتووشدا دەرگا بۆ زۆر کاری تر بکاتەوە، ئەوە بەو مانایە نیە کە لاسایی بکرێت، بەڵکو بەو واتایەی کە کاری پێرفۆرمانسی لەو دیدە تیۆریەوە هەوڵی خوڵقاندنی مانا و شێوەی تر بدات بۆ چۆنیەتی ئامادەبوونی جەستەی پێرفۆرمێر لەناو پێرفۆرمانسدا.

## چیرۆکێک دەبێت بگێڕدرێتەوە

سـەرەتا کاتێـک لـە وڵاتێـکدا خـۆت دەبینیتـەوە گەورەترین گرفت کە ڕووبەروت دەبێتەوە کێشـەی فێر بوونـی زمانـە، ئـەو گرفتـە جۆرێـک بـوو لـە نائومێدی، هێشـتا ڤایرۆسـی کۆرۆنـا هەرەشـەی لەژیانـی مـرۆڤ نەکردبـوو، رۆژانـە سـەردانی کتێبخانـەی زانکـۆی وارشـۆم دەکـرد، هەشـت کاتژمێـر لەسـەر کورسـی یەکێک لە هۆڵەکان دادەنیشتم، لە جامی پەنجەرەکەوە دەمڕوانی بەفر بە تـەوژم دەباری، رەنگە دوو جاریتر سـەرم بەرز بکەمـەوە، دواجار کەس لە هۆڵەکە نەماوە، ئیدی تێدەگەم خۆرئاوابوونـە و هەشت کاتژمێری خۆم وەک هـەر رۆژێک تـەواو کرد لـە خوێندن و چۆنیەتی فێربوونی زمانی پۆڵەندی، ئەوە بوو بـە نەریتی ژیانی مـن، کـە رۆژانـە بەمشـێوەیە خـۆم بـەم زمانـە نوێیـەوە خەریک بکـەم.

تـازە دەمویست مۆنۆدرامـای «پەناهەنـدە» بنووسـم، جـار جـار د. ڕێباز نانەکەلی کە ئەو ڕێگای کتێبخانەی پێنیشـاندام جاروبـار لـەوێ کـە دەبینێـت کار دەکـەم، چەنـد خولەکێـک دێتـە لام وهەندێـک قسـە دەکەیـن، یەکەمجار بۆ ئەو باسـی شـانۆنامەکە دەکەم و داوای لێ دەکـەم بیکات بەپۆڵەندی، هـەر جارەی پارچەیەکی

کورتم بۆی دەنارد، جاری وا هەبوو بیری دەچوو کارەکە چەندین مانگی بەسەر دەچوو دەبوو بیری بێنمەوە، هەر چۆنێک بێت دوای کۆرۆنا گەڕامەوە بۆ تێکستەکە، بەشێکی کورتی مابوو ئەویشمان کرد بە پۆڵەندی، بەڵام ئەو ڕۆژگارە هیچ پلانێکم نەبوو بۆ کارکردن، تەنیا خەون بینین بوو کە ڕۆژێک روناکی ببینێت.

لەناو کتێبفرۆشی ئیمپیک کە ناوەندێکی کتێبفرۆشی پۆڵەندیە، لەهەر شارێک چەندین کتێبخانەی گەورەی تیایە، هەر کتێبێک سەبارەت بەم زمانە بوایە خێرا دەمکڕی، کە ساڵەکان تێپەڕین تێگەیشتم بیست ویەک کتێبی فێربوونی زمانم تەواو کردبوو، سێ ساڵ بەمشێوەیە تێدەپەڕی، کەچی من هەستم بە ماندوویەتی نەکرد، گەرچی نەمتوانیبوو لەهیچ گروپێکی شانۆیی نزیک ببمەوە، چونکە زمانەکەم هێندەی بڕ نەدەکرد، کۆڕۆنا هەموو دەرگایەکی شانۆ و کتێبخانەکانی داخستبوو، دەبوو کارەکان لەڕێی ئۆنلاین لەماڵەوە ئەنجام بدرابوایە، ئەوە وایدەکرد لەڕێی دوو وێبسایتەوە بتوانم بەشێکی دیاری ئەرشیفی نمایشی شانۆی پۆڵەندی ببینم، ڕۆژێکیان زانیم خوێندنگایەکی حکومی ڕایگەیاندووە کۆرسی فێربوونی زمان دەکاتەوە، سەرەتا لەڕێی ئۆنلاینەوە دەبێت ئاست و توانات بزانن، ئەوەبوو

تاقی کردنەوەیەکی ئۆنلاینم ئەنجامدا کە دەبوو لەماوەی چل وپێنج خولەکدا وەلامی پەنجا پرسیار بدەیتەوە، بەو پێیەی تەنیا چەند پرسیارێکم نەزانی، ئەوە وایکرد قۆناغی سەرەتایی زمان ببڕم و بخرێمە ئاستی ناوەندی، لەماوەی سێ مانگدا بڕوانامەی بی یەک، لەزمان وەربگرم.

لەو کاتانەدا بوو لەفەیسبوک شانۆکارێکی ناسراوی پۆڵەندیم ناسی، خانمە ئەکتەرێک بوو بەناوی «یۆوانا سارنێچکا»، کاتێک لینکی کارەکانی خۆی لە یوتیوب بۆ ناردم هەستم بە نزیکیەکی زۆر دەکرد لەڕووی دیدی شانۆیمان لەیەکتریەوە، بەتایبەت هەردووکمان لەبواری پێرفۆرمانس کارمان دەکرد، بەلام نایشارمەوە ترسێکیشم هەبوو، بەتایبەت کەهەندێک کاری ئەوم بینی، بەڵام سەرکێشی و بروابوون بەخۆم وایکرد دیالۆگەکانمان ببەینە ئەو ئاستەوە کە دەکرێت پرۆژەیەکی هاوبەش ئەنجام بدەین.

ئێمە هێشتا نەکەوتبووینە سەر کارکردن، بەڵام گفتوگۆکانمان ئاسۆیەکی زیاتری لەبەردەم کارکردن لا ڕۆشن دەکردینەوە، بەتایبەت کاتێک یۆوانا ویستی من بە شانۆکارێکیتری پۆڵەندی بناسێنێت ئەویش «ئەلیتسیا بارکۆڤسکا».بوو، ئەو خانمە دەرهێنەری شانۆیی بوو ئەوە بوو رۆژێکیان کاتمان دانا

بۆ یەکتر بینین لەپاڵ ڕاهێنەر وئەکتەر «وکاش ڤویچیچکی» لەکافتریای شانۆی نوێ لە وارشۆ یەکترمان بینی، ئەو ڕۆژە وکاش پرۆڤەی هەبوو ئەو زووتر ڕۆیشت، من و ئەلیتسیا بۆ ماوەیەکی زۆر بەدەم قاوە خواردنەوە باسمان لەگفتوگۆی شانۆیی و چۆنیەتی کارکردنی من کرد، هەروەها باسی لەو پرۆژەیە کرد کە بریار بوو من و یۆوانا کاری تیا بکەین، سەرباری ئەوەی مژدەیەکی بەمندا کە سەرەتای دۆزینەوەی ڕێگایەکی گرنگ بوو بۆ خوێندن بۆ ماوەی سالێک لە خوێندنگای دراماتۆرگی.

خوێندنگای دراماتۆرگی قۆناغێکی گرنگی ژیانی شانۆیی منە، لەوێ ئێمە سیانزە قوتابی بووین، دە کچ و سێ کوڕ، مامۆستاکەشمان یەکێک بوو لە دراماتۆرگە ناسراوەکانی شانۆی پۆڵەندی بەناوی «ئارتور پاویگا»، مانگی دوو ڕۆژ وانە ئەخوێنرا بەلام هەر ڕۆژەی شەش کاتژمێر کارکردنی بەردەوام بوو، وا ڕێککەوت ڕۆژێکیان بەهۆی کاتی وانەکانەوە تا درەنگانی ئێوارە تەواو ماندوو بووم، هەر بەڕاستی هەستم بەماندوویەتی ئەکرد، بەهۆی ئەوەی ڕۆژی پێشوو بەهەمان شێوە شەوەکەی لە خوێندنگای زمان بووم، لەناو شەمەندەفەر دەگەڕامەوە ماڵەوە لەپڕ بیرم کەوتەوە، دەبێت کە گەڕامەوە ماڵەوە خێرا

بخەوم بۆ ئەوەی بەیانی زوو لە خەو هەلبستم و لە وارشۆوە بەرەو شاری کرۆسنۆ برۆم، بۆ ئەوەی لەگەڵ یۆوانا دەست بکەین بە پرۆژە شانۆییەکەمان.
ئەو ساتە خۆم وەک یەلماز گۆنای دەهاتە بەرچاو کە چۆن لەبەردەم کامێرایەکەوە ڕایکردووە بۆ دیمەنی فیلمێکیتر، منیش وام لێهاتبوو لەکۆرسی زمانەوە بۆ وانەی دراماتۆرگی، تەنیا کاتی خەوم هەبوو رۆژ ببۆوە من لەناو پاسێکی درێژ بووم بەرەو کرۆسنۆ دەچووم، ئەو شارەی پێشتر نەمبینیبوو، بەڵام دەبێتە یەکەم لانکەی شانۆیی من لەم وڵاتەدا.
بەر لەوەی بچینە ناو پرۆڤەوە، پێویست دەکات ئێوە «یۆوانا سارنێچکا» بناسن، ناسینێک دوور لەبایۆگرافی ژیان، بەڵکو ئاشنایەتی بەکارە هونەریەکانیەوە پەیدا بکەن، بۆ ئەوە هەوڵ ئەدەم گەشتێک بەناو ئەو پێرفۆرمانسانەدا بکەم، کە ئەو وەک پێرفۆرمێرێک بە ئەنجامی گەیاندوون، لەکاتی پێویستیش گەڕاومەتەوە سەر ڕوانینی خۆی، هەر شتێکیش کە ناڕۆشن بووبێت پرسیارم لێی کردووە، تا کۆمەکمان بکات بۆ ناسینی پێرفۆرمانسەکە.

## هەوڵێک بۆ ناسینی یۆوانا سارنێچکا

گێڕانەوە لەهونەری پێرفۆرمانس چەندە خوڵقاندنی زمانێکی نوێیە، هێندەش ئەو زمانە پەیوەستە بە دید و تێگەیشتنی پێرفۆرمێرەوە، بەواتای گێڕانەوە چۆنیەتی خوڵقاندنەوەی زمانە لای پێرفۆرمێر، یەکێک لەو پێرفۆرمێرانە ئەکتەری پۆڵەندی یۆوانا سارنێچکا، ئەو ژنە لەئێستادا بە یەکێک لە دیارترین پێرفۆرمێرەکان دادەنرێت کە هەموو ژیانی تەرخان کردووە بۆ چۆنیەتی گێڕانەوە لە پێرفۆرمانسدا، جگە لەوەی هەوڵ دەدات بەناو چیرۆکی کولتوورە جیاوازەکاندا کار بکات. لەبارەی گێڕانەوەی چیرۆک لە پێرفۆرمانسدا لە دیدارێکی تایبەتمان ووتی «ئەوەی لەچیرۆکدا بۆم گرنگە ڕاگوزارە لەپێکهاتی گرێ چندا، چونکە ئازادیم پێ دەبەخشێت، لەهەمان کاتدا هەستی ئەفراندنم پێ دەدات».

یەکێک لەو پرۆژە پێرفۆرمانسیانەی بەناوی «یادداشتی ڕاکردویەک» کە گێڕانەوەی سەفەری مرۆڤێکە لەناو بەفردا، دەنگ و جەستە مۆتیڤی گێڕانەوە پێک دێنن، زمان ئۆرگانێکی زیندووی ئەو یادداشتەیە، ژنێک لە ئێمە دوور دەکەوێتەوە و بەناو بەفردا تێدەپەڕێت، لەوێوە ئێمە دەچینە ناو پەڕاوی

یادداشـتەکانی، لەڕێگـەی سـاتە جیاوازەکانـی ئـەو سـەفەرە، سـەما ڕۆڵێکـی گرنگـی نێـو ئـەو سـەفەرەی پێکهێناوە،لەبـارەی ڕۆڵـی سـەما لەنـاو کارەکانیـدا دەڵێت «سـەماکردن بـۆ مـن هونەرێکـی سـەربەخۆیە، ئـەوە شـێوازی کارکردنـە لەگـەڵ جەسـتەدا»

بۆیـە لـەم پێرفۆرمانسـەدا تـەواو ئـەو دەسـتەواژەی خـۆی دەبینینـەوە، ئـەو کاتـەی ڕیتمـی دەفێک لەگـەڵ پـێ گوزارشـت لەسـاتی ئازادبـوون دەکات، تـا هاتنـی تاریکـی، تاریکـی نائومێدی نیـە، هێنـدەی دۆزینـەوەی ڕوناکیـە، لەڕێگـەی مانـگ وەک تـەواوی گـۆی زەوی، ئـەوە تامەزرۆیـی و دۆزینـەوەی بوونـە لەڕێگـەی گەڕانـەوە بـۆ نـاو سرووشـت، بینینـەوەی جیهانـە لەڕێگـەی نیگاکـردن بـۆ مانـگ، هونـەری فۆتۆگـراف و سەما توانای بەخشینی ڕەهەندێکیتریان هەیە تا کارەکە لەچەندیـن ئاسـتەوە زمانێکـی تایبـەت بـە گێڕانـەوەی شـەوێک ببەخشـێت، ئـەو دەمـەی ژنێـک ڕادەکات و چیرۆکـی شـەوی ڕاکردنەکـەی دەگێڕێتەوەگۆرانـی و مۆسـیقا ڕۆڵێکی گرنگ لای ئـەو پێرفۆرمێرە دەبینـن لـە گێڕانـەوەی چیـرۆک، بەتایبـەت لـەو کارانـەی تایبەتـن بـە دنیـای منـاڵ، ئـەو هـەر خـۆی کـە دەنـگ و گۆرانیـەکان بەرجەسـتە دەکات، لەهەمـان کاتـدا لەڕێی ژەنینی ئامێری ئۆرکۆدیۆن دەیەوێت تـەواوی کەرەستە دەنگی و بینراوەکانی بخاتـە نـاو گێڕانـەوەی

چیرۆکەکانی، لە پێرفۆرمانسی «درەخت» دەیەوێت لەڕێی درەختێکەوە چیرۆکێک بگێڕێتەوە، چیرۆکێک بەشێکە لەدنیابینی ئەو لەناو بەفر و سرووشت، تیایدا پێرفۆرمێر لەرێی درەختەوە مۆسیقا دەژەنێت، لە وێنەیەکی تردا دەستەکانی خۆی وەک دەستی درەخت بەکار دێنێت بۆ سەماکردن، ئاخۆ درەخت دەبێت بە ئامێری کەمان ؟ لای پێرفۆرمێرەکەمان دەبێت چاوەرێی ئەوە بکەین دەنگ و جەستە توانای خوڵقاندنی هەموو شتێکیان هەیە، پەیوەندی نێوان ژن و سرووشت لەرێی درەختەوە چیرۆکی گێڕانەوەی وەفای نێوان ئەو دوانەیە، مۆسیقا زمانی یادەوەری نێوانیان پێکدێنێت.

لە پێرفۆرمانسی چیرۆکێکی قەرەجی کە نمایشێکی تایبەتە بە منداڵان، تیایدا گۆرانی و مۆسیقا دەبنە زمانی سەرەکی کارە هونەریەکە، لەپاڵ ئامێرە مۆسیقیەکانی قەرەجەکان، پێرفۆرمێر دوو ژنن هەردوکیان مۆسیقا دەژەنن گۆرانی دەڵێن هەندێکجار لەشێوەی دەیالۆگی گێرەرەوە چیرۆک دەگێرنەوە.

گێڕانەوەی ڕووداو وابەستەی ئاستی زمانەوانی گێڕەرەوەیە، لە چۆنیەتی گێڕانەوەی چیرۆک، وەک لە پێرفۆرمانسی «چیرۆکی نێو جانتا» پێرفۆرمێر دەیەوێت لە ڕێگەی دۆخی سرووشتی فیگور پەیوەندیەکی تایبەت لەگەڵ ئامادەبووان دروست

بکات، کە وەک مرۆڤێکی نێو ئەوان ڕووداوێک بگێڕێتەوە، لێرەدا کردەی وەرگرتن و ئامادەبوونی پێرفۆرمێر گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە کاتێک لەو بارەیەوە پرسیاری ئاراستە دەکەین دەڵێت «بایەخ بە کردەی ئامادەبوون ئەدەم لەبەرامبەر وەرگردا، ئەوەش پەیوەندی بە بەردەوامی و ڕاگوزاری لە ئاگاهاتنەوەیە لەگەڵ وەرگردا» بۆ ئەو ئاگاییە لێرەدا لەڕێی مۆسیقاوە دەبین کەوا چۆن کۆمەکی زۆری دەکات، هەڵبەت ئەو ئاگاییە مۆسیقیە لەناو تەواوی کارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەک لەکارێکیتریدا بەناوی «پەشیمانیەکی تاڵ» گەڕاوەتەوە بۆ جۆرە مۆسیقایەکی ناوچەیەکی پۆڵەندی بەناوی «زاڤادکا ڕیمانۆڤ».

پەیوەندی ئەو بە سرووشتەوە، پرۆسەی ڕیتمی ژیانە لەڕێی مۆسیقا و سەماوە، بۆیە لەکورتە کارێکی دا بەناوی «ئەوە سەمای منە» ئاوێتەبونێکی نێوان جەستە و سرووشت دەبنە پێکهاتەی وێنەیەکی سەمائامێز کەوا گوزارشت لە شوناسی بونی ئەو بکات، بۆیە لەو کارەدا شوناسی خۆی وەک مرۆڤ لەوەدا چڕ دەکاتەوە کەوا سرووشت بۆ ئەو بریتیە لەشوێنی ڕاستەقینەی بوون.

ئەو پەیوەندیە دەچێتە دۆخێکی دۆنا دۆنی لەکارێکیتریدا بەناوی «لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ شاخ»

دارستانێکی چڕ، لەژێر خاکدا ژنێک بەروخسارێکی ژێر خاکەوە دەردەکەوێت لەڕێی تیشکی خۆرەوە دەست بە جولەی ژیان دەکات، سەمایەکی سڵۆ لەڕێی ئاو سروشتی پاکژبونەوەی ڕۆحی بۆ جەستە و دەستکردن بە ژیان وێنەیەکی هونەری بەرز دەخاتە ڕوو، دەستەکانی بەشێوەیەک بەکار دێنێت وەک ئەوەی بەناو ژیاندا تێپەڕێت، شاخ وەک سیمیولی سەرکەوتن بۆ لوتکە دەبێتە ڕەمزێک بۆ ئاماژەکانی جەستە، لەو ڕێگەیەوە کۆی کارەکە لە سەمایەکی بونگەرایانە خۆی نیشان دەدات کە چۆن مرۆڤ توانای خولقاندنەوەیەکی سەر لەنوێی هەیە لەگەڵ ژیان، مرۆڤ لەم پێرفۆرمانسەدا بونەوەرێکی تەنیایە، ئامادەبوویەکی نێو سرووشتە، بەڵام ئامادەبوون پرۆسەی خولقاندنەوەی بوونە لەناو سرووشتدا.

گێڕانەوە و شێوازەکانی، لە لای ئەو پێرفۆرمێرە گرنگی تایبەتی هەیە، گێڕانەوەی چیرۆک بە شێوەیەکی پێرفۆرمانسیانە لە ساتی ئامادەبوونی فیگور، خولقاندنەوەی پەیوەندی هاوبەشی پێرفۆرمێر و وەرگرە، بۆیە گێڕانەوە و ئاستی جوانیناسیانەی پێرفۆرمانس لە ئەزمونێکی ئەدەبی گرنگدا یەکانگیر دەکات ئەویش لە ڕێی ڕۆمانی «شارە نەبینراوەکان» ی ڕۆمانووسی ئیتاڵی ئیتالۆکالفینۆ.

شاره جیاوازەکانی ئەو مرۆڤانە لەڕێی ئاستی بینینی پێرفۆرمێرەکان نیشان دەدرێت، دواتریش لەناو ساتی ئامادەبوونی نمایش خاڵێک بۆ کۆبونەوەی چیرۆک دادەنێت، بونی ئەو شارانەیە لەپێرفۆڕمانسەکەدا کەوا وەرگر لەڕێی کارە هونەریەکەوە دەیبینێت.
جولە ژیانە.. ئەو تێگەیشتنە لەپشت نمایشی «فوکردن لە شنەبادا» نمایشێکی سەمائامێزی هەڕەمەکی نێو سرووشتی گوندێکی پۆڵەندیە بەناوی ڤێتژنۆ، دەرکردن ئازار و خەم و ترس و دڵەڕاوکێ دەبێتە هۆکارێک بۆ پاککردنەوەی جەستە.
جەستە لەڕێی ئاماژەکانی گوزارشت دەیەوێت لەودیو دارستانێک کەوا هەڕەشەی لەناوچوونی بەڕوو دەردەکەوێت، لەو شوێنەدا پێرفۆرمێر فو بە شنەبای ژیان دەکات.
گێڕانەوەی چیرۆک بەشێکی گرنگی کاری پێرفۆرمانسیانەی ئەو هونەرمەندەیە، وەک چۆن لەڕێگەی چیرۆکێکی خەیاڵی سێرگێ کۆزوڤ دەیەوێت چیرۆکی ترسی کەروێشکێک لە گێڕانەوە بگوازێتەوە بۆ فیگوری ترسی کەروێشک.
ترس و زاڵبوون بەسەریدا لەڕێی سەماوە گوتارێکە ڕوبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام پێرفۆرمانسی «گۆشەگیربوون» دیدێکی تەواو جیاوازە، دەم دەبێتە شوێنێک روبەروی ترس و شاردنەوە

دەبێتـەوە، جەسـتە دەیەوێت چیرۆکی ترسـێک لەڕێی سـەماکردنەوە نیشـان بدات، ئامێری پزیشکی و ترس لـە مردن و پۆشینی دەمامک لەڕێی ئاماژەی ڕەنگی سـپی و گوڵـی سـپی وەک نەخۆشـیەکی سـەردەم کـە کۆرۆنایـە فۆرمێکـی هونـەری بـاڵای بـەو ترسـە بەخشـیووە.

گرنگترین پرۆژەی پێرفۆرمانسـی یۆوانا سارنێچکا کارێکـی پێرفۆرمانسـی بـوو لەژێـر نـاوی «لەبـارەی ڕاوچیەکی ئوراشیما» گێڕانـەوە و مۆسـیقا و سـەما و ئامێری مۆسیقی و تابلۆی شێوەکاری دەبنە مۆتیڤی سـەرەکی ئـەو پێرفۆرمانسـە، وێنەیەکـی تایبەتـی پێرفۆرمانسـی ئارتیسـتە، وەک هەوڵێکـی دیـاری نێـو پێرفۆرمانـس.

گێڕەرەوە لەرێـی چیرۆکـەوە ریتمـی مۆسـیقا و ووشـە وەک ئاسـتی دەیالـۆگ رووبـەرووی وەرگـر دەکاتـەوە، لەودیـو ئەویـش سـەماکار گوزارشـت لـە وشـەکانی گێڕانـەوە دەکات، ئاسـتی وێنەیـی لەپـاڵ ئاستی دیالۆگ یەکەی پێکهاتـەی پێرفۆرمانسـەکە پێک دێنن، وەک ئەزموونێکی گرنگی شانۆی پێرفۆرمانسی دەمێنێتـەوە.

ئـەو یەکانگیـری نێـوان دوو ئاسـت بـۆ گێڕانـەوە، لەکاتی گفتوگۆکردنمان لەبارەیـەوە ووتـی «پێکهاتوو لـە زیرەکـی دروسـتکراو، ئـەوەش هەڵێنجانـی

تێکست و وێنەکانە، کە متمانەی کردە سەر کتێبەکەی ئیتالیاکالفینۆ «شارە نەبینراوەکان» ساڵی ڕابردووش لەتەک هونەرمەندی شێوەکار  یاکوب هادێر لە پێرفۆرمانسێکدا هەوڵمدا پشت ببەستین بە هەندێک شت لەوانە جولەی تەکنیکی خوێندنەوە و چارەسەرکردنی لە دەنگدا» سەرباری ئەو تەکنیکانە وەک خۆشی لەگفتوگۆکەشمان جەختی لەسەر دەکردەوە هونەری گێڕانەوەی چیرۆک و بەڕێوەبردنی وۆرکشۆپی کارکردنە بۆ جولە و ڕۆمان و چیرۆک و شانۆنامە، تا دەگات بە بوارەکانی مۆسیقا و سەما و گۆرانی، ئەوانەش وەک یەکەیەک دەبینێت کە دەکرێت وێنەی بکێشرێت.

## کات لەڕێی خوێندنەوە زەمەن دەکوژێت

کاتژمێر شەش ونیوی بەیانیە، لەوێستگەی وارشۆ زاخۆدنیا، کە شوێنی پاس وشەمەندەفەرە بۆ سەفەرکردن، لەوێ وەستاوم تا ڕادەیەک ساردیەک هەڕەشە لەهەموومان دەکات، نزیک ئێمە هەندێک چادر هەڵدراون بۆ یارمەتی ئۆکراینیەکان کە لەشەری ڕووسیا ئاوارەی پۆڵەندا بوونە، خۆراک و پۆشاک و بووکە شووشەی منداڵان ئامادە دەکەن بۆ ئاوارەکان، پاسی کرۆسنۆ دێت، سەردەکەوم و لەڕێگادا سەیری جامی پاسەکە دەکەم کە لە وارشۆ دەردەچێت بەسەر ئەو کێلگانەدا دەڕوات، لەهەر شارێکی سەر رێگا دەوەستێت و گەشتیاری نوێ سەردەکەون، ئێستاش نەمزانی کەی بوو بەلام وابزانم لەنزیک شاری ڕادۆم بوو، ئەو شارەی من هاورێم لێی هەبوو، زۆرجار بۆی ڕۆیشتوومە، دەستم بۆ ئینک بوکەکەم برد، ئەو ئامێرەی لەشێوەی ئایپادەو تایبەتە بە کتێبی ئەلکترۆنی، بۆ ئەوەی کتێبێک بخوێنمەوە، کۆمەڵە چیرۆکی «فریو و خۆحەشاردان» ی عەتا محەمەد دەکەمەوەو دەست بەخوێندنەوەی دەکەم، ئیدی نازانم کەی گەیشتم بە کرۆسنۆ، چیتر شارەکانم نەبینی، تەنانەت نازانم

بە شارەکانی وەکو ئوچ و کراکۆڤ تێپەڕی و کێ دابەزی و کێ سەرکەوت، بەر لەنیو کاتژمێر کە بگەمە ئەو شارە من لەخوێندنەوەی کتێبەکە بوومەوە، وەک هەمیشە لەبەردەم ئەم چیرۆکنوسەدا دەبێت بیربکەیتەوە، بیرکردنەوە لەمرۆڤگەلێک، بزانیت چۆن سەیری گێڕانەوە دەکەیت، بەتایبەت بۆ من لەکاری شانۆیی هەمیشە ویستوومە بەشێوەیەکیتر ڕووداوەکان بگێڕمەوە، ئەوە دووری ڕێگاکەی خێرا دەکرد، لە گەراجی کرۆسنۆ هاتمە خوارەوە، یۆوانا بەخۆی و ئۆتۆمۆبیلکەکەیەوە چاوەڕوانی من بوون، خێرا بەرەو رووی یەکتر چووین، هەر لەیەکەم ساتەوە هەستمان دەکرد هاورێی نزیکی یەکترین، بۆ من لەگەل هەموو شانۆکارێکی جدی ئەو هەستەم هەیە و خێرا ڕێگاکان دەبڕین.

کاتێک دەمویست سواری ئۆتۆمۆبیلەکەی بم، یەکێک لەفیلمەکانی عادل ئیمام بیرکەوتەوە، دوکانێک بوو بۆ خۆی، باسی لەوە کرد ئەو لەرێکخراوی خۆبەخش بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان کار دەکات، رۆژانە دەچێتە سەر سنوری بیلاروسیا بۆ یارمەتیدانی ئاوارە کوردەکان، بەدەم باسکردنی ڕێگا دوای ئەوەی خۆی بەچەند کۆلانێکدا کرد گەیشتینە پێش باڵەخانەیەک کە «ماڵی کولتووریی کرۆسنۆ» بوو، خانمی بەڕێوبەری شوێنەکە کچێکی

ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین ناوی «ئێڤەلینا» بوو، پێشوازی لێکردین، ئەو ژوورەی پێ نیشاندام کە شوێنی مانەوەی من دەبێت لەماوەی ئەم دوو هەفتەیەی لێرە دەمێنمەوە، پاشان یۆوانا کۆمەڵێک کتێبی شانۆیی لەژوورەکە دانا ووتی ئەو کتێبانەم بۆ تۆ هێناوە، ئەوسا هۆڵی پرۆڤەکەی نیشاندام، پرسیاری ئەوەی کرد ئاخۆ ئەمڕۆ قسە لەکار بکەین یاخود من ماندووم و هەڵیبگرین بۆ سبەینێ، «واباشترە قسە بکەین من بە دوان لەبارەی شانۆ هەست بە ئارامی دەکەم» ئەوەم ووت و بەدەم پێکەنین هاتینە دەرەوە و چووین بۆ کافتریایەک، هەموو کەل وپەلەکانی لەدار درووست کرابوو، پەیژەیەکی بچکۆلەی هەبوو.. دوای داواکردنی قاوە بەسەر پەیژە بچکۆلانەکە سەرکەوتین بۆ نهۆمی سەرەوە، کە دوو ژووری بچووکی تیا درووست کرابوو، تەواوی کەل وپەلەکانی گوزارشتی لەماڵی کولتوریی پۆڵەندی دەکرد، ئەوە بۆ خۆی چێژێکی تایبەتی دەبەخشی.

کەوتینە باسکردنی پرۆژەکەمان کە دوو پێرفۆرمانس بوو، پلانەکان ڕوون بوون بۆ هەردووکمان، تەواو دیدی شانۆییمان لەیەکترەوە نزیک بوو، پێرفۆرمانسی «پەناهەندە» تێکستەکەم پێشتر بۆی ڕەوان کردبوو، لەسەر کاغەز ڕایکێشابوو، کەمێک باسمان کەوتە

سەر دیدی کارکردن، ئەوسا هاتینە سەر کاری دووەم کە «کەونارا» بوو، فۆرمە هونەری و سرووتەکانی پێرفۆرمانسەکەم بۆی باسکرد، بۆ یۆوانا ئەوە مایەی سەرسامیەکی زۆر بوو، هەردووکمان پەلەمان بوو خۆر هەڵبێت و بکەوینە مەشق و پرۆڤەوە، لە کافتریاکە دەردەچووین دنیا تاریکی کردبوو، لەپێش هۆڵەکە ماڵئاواییمان لەیەکتر کرد تا سبەینێ خێرا خۆر هەلبێت و دەست بەکارکردن بکەین.

## ڕۆژانی پڕۆڤە و گەڕان بەدوای ناونیشان

خۆر لەدرزی پەنجەرەی سەرەوەی ژوورەکە دەهاتە ژوورەوە، ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ زەنگی نامەیەکی خانمی ئەکتەر، بەدەم هەڵگرتنی پارچە کێکێک و کوپێک قاوە کە لەژوورەوە ئامادەم کردبوو بەرەو هۆڵە شانۆییەکە ڕۆیشتم ئەو خۆی ئامادە کردبوو، خێرا کەوتینە پڕۆڤەی کەونارا، لەبنەرەتدا سکێچی کارەکە بۆ چەند ئەکتەرێک نووسرابوو، بەڵام بەشێوەیەک ئاستە جیاوازەکانی گێڕانەوەمان تیای دەخولقاند، کە بۆ تاکە ئەکتەرێک بێت وەک ئەوەی کۆی کردارەکە لەڕێی دەنگ و جەستەی مرۆڤێکەوە بەناو کولتورەکان تێبپەڕێت، هیچ کاتێک لەیەکەم ڕۆژی پڕۆڤەدا کارەکان نابنە جێی سەرنجی من، بەڵام ئەمجارەیان جیاواز بوو، پەیوەندی بە ئەکتەرەوە هەبوو، کاتێک لەگەڵ ئەکتەری پیشەگەر کار بکەیت، شتەکان دەچنە ئاستی ڕازیبوون و دەزانیت چیت دەوێت، سەرەتا دەمویست هیلکاریە نووسراوەکە تێکبشکێنم، بۆ ئەوەش تەنیا پێویستم بەوە بوو تێکستی کارەکە لەهۆڵەکە بنووسمەوە، نووسینەوەیەک پەیوەندی ئەکتەرو بۆشایی بێت، سێ ڕۆژی یەکەم ئەو زەمینەیەمان خولقاند بۆ

نووسـینەوەی تێکسـت، کـە زادەی کارکـردن بێـت لـە هۆڵـی نمایـش، دەبـوو بەپێـی تایبەتمەنـدی هۆڵەکـە دارشـتنەوە بـۆ شـوێن ئەنجـام بدەیـن، بۆیـە سـێ ئاسـتی جیـاوازی بینیـن هەبوو ئاسـتی یەکەم پانتایـی بـەر تەسـک دەبێتـەوە، تـا لـە ئاسـتی دووەمـدا ئەکتـەر بـەرەو نـاو چیرۆکێکـی کـۆن هەنـگاو بنێـت. ئـەوەش دەچـووە پشـتی بینـەرەوە بـە مەودایەکـی دوور، چیرۆکـی تفانـەوەی سـروودی نیشـتمانی و گەڕانـەوە بـۆ قڕکردنـی مرۆڤـی کـوردی لەودیـو دەمامکێکـی گـەورەوە بەرجەسـتە دەکـرا، ئـەو دەمامکـە کاری سـینۆگرافەری پێرفۆرمانسـەکە بـوو کـە هونەرمەنـدی شـێوەکاری کـورد حەمـە هاشـم دروسـتی کردبـوو، بۆیـە هـەر لـە سـەرەتاوە کـە زانیـم ئـەو هونەرمەنـدە دێـت بـەرەو پاریـس ئـەو دەرفەتـەم قۆزتـەوە کـە پیشـانگایەکی بـۆ بکەینـەوەو لەپـاڵ ئـەوە ئەرکـی سینۆگرافیای کارەکەی بکەوێتە ئەستۆ، خۆشبەختانە پیشـانگاکەی کاریگەریەکـی دیـاری لـەلای ئامادەبـووان دروسـت کـرد، سـەرباری دەسـت ڕەنگینـی لـەو دەمامکـەی بـۆ پێرفۆرمانسـەکە ئەنجامیـدا.

بـۆ پەڕینـەوە بەنـاو چیرۆکـی وێرانـکاری، دەبـوو گێڕانـەوە بەشـێوەیەک بێـت بینـەر هەسـت بەکاریگـەری ئـەو چیرۆکـە بـکات، ئێمـە دەمانزانـی بەهـۆی شـەڕی ئۆکراینـا و ڕووسـیا خەلکێکـی ئۆکراینـی ئـاوارەی

کرۆسنۆ بوون، بۆیە پەنامان بردە بەر گۆرانیەکی کۆنی ئۆکراینی کە چیرۆکی جێهێشتنی ماڵ و جەنگی دەگێڕایەوە، کە لەڕێی دەنگی یۆوانا وبەرجەستەکردنی جولەکانی وەک ئەوەی بەناو بەلەمێکەوە نیشتمان جێبێلن، کە چەمکی شادی لەناو مۆسیقایەکی کوردی لەرێی ئامێری مۆسیقیەوە کەرنەڤاڵێکی شادی دەخستە ناو بینەر بۆ کۆتایی هاتنی نمایشەکە.

هەرچی سەبارەت بە پرۆڤەی پێرفۆرمانسی پەناهەندە بوو، چەندە دەمانزانی ئاسانتر دێتە دەست، بەڵام لە هەمان کاتدا، گرنگیەکەی لەو نهێنیەدا بوو، کە چۆن ئەو پەیوەندیە لەگەڵ بینەر دەدۆزینەوە لەڕێی شوێنی نمایش و پەیوەندی نێوان ووشە و وەرگر، هەڵبەتە تێکستی نووسراو کۆی گێڕانەوەی مرۆڤێک بوو لەسەفەری پەناهەندەیی، کە گرفتی لەمافی مانەوە هەیە لەخۆرئاوا، بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤی کوردی لەسەر سنوور نزیک شاری کرۆسنۆ بوون و دەسەلاتی پۆڵەندی نەیدەهێشت بیلاروسیا جێبێلن و بێنە ناو خاکی پۆڵەندا، ئەوە وای کرد دەبوو بتوانین ئەو کاریگەریە بەشێوەیەک لەنمایشی پەناهەندە بخولقێنین، کە کاریگەری ڕاستەوخۆ بەسەر بینەر جێبێلێت، گۆڕەپانێکی گەورە کە گەنجان تیای کۆ دەبوونەوە

شـوێنێکی گونجـاو بـوو کـە خێمەیەکـی چکۆلانـەی تیـا دابنێین، بۆ ئـەوەی بینـەر ڕاستەوخۆ بەشداری بکات، ژەنینـی تەپـڵ وایدەکـرد لەگۆڕەپانەکـەوە خەلکـی بـۆ دیـار خێمـە چکۆلانەکەمـان بێـت، بەمشـێوەیە بیرمـان لەشـوێنی نمایـش کـردەوە.

سـەرەتا زیاتـر پێویسـتمان بـە قسـەکردن بـوو لـە چۆنیەتـی ژیانـی پەناهەندەیی و چۆنیەتی تەوزیفکردنی لەنـاو نمایشـەکەدا، دواتـر لـە هۆڵێکـی شـانۆیی گەورەدا دەسـتمان بـە پرۆڤـەی پەناهەنـدە کـرد، زیـاد لـە شـەش کاتژمێـر کارمـان دەکـرد، تەنانـەت لـە کاتـی ئاسـایی و دانیشتنیشـدا قسـەکانمان هـەر لەبـارەی پرۆڤـە و چۆنیەتـی کارکردنـەوە بـوو، ئێـوارەی پێـش ڕۆژی نمایـش بڕیارمانـدا لەگۆڕەپانەکـە پرۆڤـە بکەیـن، وەک ئـەوەی پلانمـان دانـا پرۆڤـەکان بەمشـێوەیە بەڕێـوە چـوو لەگـەڵ کۆمەڵێـک گۆڕانـکاری تـر کـە لەنـاو تێکسـتە نووسـراوەکەدا نەبـوو، ئـەوەش بەمەبەسـتی پەیوەندیەکـی پتەوتـر لەگـەڵ بینـەر کـە هەسـت بـکات ڕووداوەکان بەشـێکن لەنـاو ئێسـتای ئـەودا.

سـەرەنجام گۆڕانکاریـەکان هـەر ئـەوە نەبـوو، یۆوانـا پێشـنیاری ئەوەیکـرد کـە ناونیشـانێک هەڵبژێریـن بـۆ پرۆژەکـە، کـە هـەردوو پێرفۆرمانسـەکە بگرێتـە خـۆی، مـن ئـەو بیرۆکەیـەم بـە دڵ بـوو، بـەڵام ئـەو وەک ئـەوەی پێشـتر خـۆی بـۆی ئامـادە کردبێـت، بەهـۆی

کاری ڕۆژانـەی لەسـەر سنوور لەگـەڵ پەناهەنـدەکان خێـرا ووتـی چۆنـە پڕۆژەکـە نـاو بنێیـن «لێگـەڕێ بـا ئـەم شـەوە کۆتایـی بێـت».
لێیگەڕام و بەگونجاوم زانی کەناونیشانی پڕۆژەکە لـە شـوێنی خۆیەتـی، دنیـا تـەواو تاریـک داهاتبـوو، گەڕاینـەوە نـاو هۆڵـی ماڵـی کولتووریـی، بێدەنگیـەک داگیـری کردیـن، بـەرەو ماڵـی یۆوانـا ڕۆیشـتین، لەنـاو ماشـێنە پـڕ لەهـاوکاری پەناهەنـدەکان بوویـن، گەیشـتینە گوندێکـی بچکۆلـە، لەبـەردەم خانوویەکـی دارینـە وەسـتاین، سـەگەکەی بـەرەو ڕوومـان هـات، چووینـە ژوورەوە لـەوش سـێ پشـیلە بەدەورمانـەوە بـوون، ئاگردانێـک وتـەواوی کەرەسـتەی ماڵێـک لـەدار وهەندێـک شـتی پێویسـتی لـەدارو بـەرد بـوون و ڕەنـگ کرابـوون، سـەرەوەی دیوارەکانیـش ڕەفـەی کتێـب بوون، تـا درەنگانێـک لـەوێ ماینـەوە، هەسـتمان بـە ئارامیـەک دەکـرد، وەک دۆزینـەوەی نهێنـی نـاو کارەکە بووبێت و پێی گەیشتبین، ئیدی نائارامی من کۆتایـی هـات، ئـەو دەمـەی یۆوانـا پرسـی کـە ئاخـۆ ئێسـتا هەمـوو شـتێکم بـە دڵـە؟ ئـەوە ئـەو خەونـە بـوو کـە بیـرم لێـی ئەکردەوە، بۆیـە چیتـر بـۆم گرنـگ نەبـوو بەیانـی ڕۆژی نمایش چـی ڕوو دەدات، چونکـە ترسێک بوونی نەبوو، هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی ئەکتەرێـک بـواری بـۆ تـرس نەهێشـتبۆوە، سـواری

ئۆتۆمۆبیلەکەی بووین و سەگ و پشیلەکانمان جێهێشت تا من بگەیەنێتەوە شوێنی مانەوە، خۆمان بۆ دەمەو خۆرئاوای سبەینێ ئامادە دەکرد تا بگەینە ساتی دەست پێکردنی کۆتایی هاتنی شەوێک، کە پرۆژەی دوو کاری پێرفۆرمانسی بوو.

## ڕۆژێکی نوێ لەژیانی من

ڕۆژی نمایش هەموو شتێک هێمن تێدەپەڕی بەپێچەوانەی کارکردن لەکوردستان، چونکە هەر کەسە و کاری خۆی دەکرد، من پەیوەندیم نەبوو بە دیکۆر و ڕوناکی و جلوبەرگ و مۆسیقاوە، هەر لەسەرەتاوە بەپێی پسپۆری کەسەکانمان بانگهێشت کردبوو بۆ کارەکە، هەریەکەی بەو پەڕی بەرپرسیاریەتی و خۆشەویستیەوە کاری خۆی ئەنجام ئەدا، کاتژمێرێک بەر لەدەستپێکی نمایش هەموومان کۆبووینەوە، دۆخێکی ئارام لەگەڵ تەپل ژەنینی هونەرمەند مارچین مارشاوێک بینەران بەرەو ڕووی خێمە بچکۆلەکە دەرۆیشتن، کاتێک پێرفۆرمێر بە دەنگی تەپلەکە لە شوێنەکە دەهاتە دەرەوە، وەک هەر کەسێکیتری ئامادەبوو دەجولایەوە وەک ئەوەی تەپلەکە بەئاگای هێنابێتەوە، بۆیە دوای پۆزش بۆ بینەران کە لەوە دەچێت ئاهەنگ هەبێت و کەمێکی باسی خۆی دەکرد، ئەوسا شوێنەکەی خۆی دەگۆڕی بەرەو شوێنێکیتر دەرۆیشت، بینەران بەشداریان لەگەڵی دەکرد و لەگەڵ ئەو شوێنەکەیان جێدەهێشت، لەو ساتە خێمەکە وەک نیشتمانی گروپێکی قەرەجی لێهاتبوو کە پێشتر بۆ خۆم بەمشێوەیە بیرم لێی

نەکردبۆوە، ئەوە ساتی هاوبەشی پێرفۆرمێر و وەرگر بوو.

کە ئەو دوانە پەیوەندیەکی زیندوویان پێکەوە خولقاند، بەتایبەت کاتێک پێرفۆرمێر بەدوای خۆراک دەگەڕا بیخوات، خانمێک بەرەو ڕووی ڕۆیشت و کێکی پێ بوو ویستی بیداتێ، لەو دەمە پێرفۆرمێر بە بینەرەکەی ووت «من ڕا هاتووم شتێک بخۆم، دەتوانی ئەوە ببەیت بۆ ئاوارەکانی سەر سنوور» بەدوایماڵئاوایی پێرفۆرمێر لەبینەران و ڕۆیشتنەوەی بۆ ناو خێمەکە، سەر لەنوێ هاتەوە و ئاگاداری کردنەوە کە ئەو دەزانێت ئەوان بۆ سەیرکردنی شانۆگەری هاتوون، بۆیە شانۆگەریەکە لە نهۆمی سەرەوەی ئەم هۆڵە نمایش دەکرێت و دەتوانن لەم دەرگایە بچنە ژوورەوە.

لە ئەتمۆسفێرێکی تایبەتدا مارچین بە تەپلەکەیەوە پێش بینەران کەوت و بەرەو پێرفۆرمانسی کەونارا ڕۆیشتن بۆ هۆڵەکە، دەنگ و جەستەی پێرفۆرمێر یەکەیەکی ئاهەنگیان درووست دەکرد، گەمەیەکی نێو زمانەکان و تێکشکاندنی ووشەی کەونارا وەک خوای خۆشەویستی فیرعەونیەکان سەرەتا لەسەر دوو چەمک دەنگ دەیخولقاندن، کەو وەک گیاندارێکی ناو زمانی کوردی و نار وەک ئاگر لەزمانی عەرەبیدا، دواتر هەردوو ووشەکە لەڕێی تێکستێکی کتێبی

پیرۆز یەکیان دەگرتەوەو کەونارای دەخولقاند.
بونیادی دەنگی بۆ من وەک دەرهێنەر چرکردنەوەی تەواوی تێگەیشتنم بوو لەکاری پێرفۆرمانسیدا، بۆ ئەوە هەوڵمدەدا فرە کولتووریی ناو نمایش بکەم بە کرانەوەی پرسیاری جەنگ و بێمانایی مەرگ، بەتایبەت لە ساتی گۆرانیەکی کۆنی ئۆکراینی کە گێڕانەوەی سەفەری کۆچ و ئاوارەبوونی مرۆڤ بوو، ئەوەش وایدەکرد پەیوەندیەک لەنێوان هەردوو پێرفۆرمانسەکەدا بخولقێنین، دواتر پێرفۆرمێر و تەپل ژەن سرووتێکی دەنگیان خولقاند لەڕێی ژەنینی مۆسیقای کوردیی ونمایشەکەیان بەرەو کۆتایی برد.
ئەو پێشوازیە گەرمەی لەکارەکە کرا، وایکرد وەک ڕۆژێکی نوێبێت لە ژیانی من، لەگەڵ بینەران کەوتینە سەرنج و ڕوانین لەبارەی کارەکە، دواتر دانیشتنەکەمان تا درەنگانێکی شەو درێژە پێدا، بەڵام ئەو شادیە تەنیا بیست و چوار کاتژمێری خایاند، ئەو دەمەی ئیمێلێکم لە پارێزەرەکەمەوە بۆ هات و ئاگاداری کردمەوە، کەوا سەر لەنوێ پۆڵەندا ڕەفزی مافی پەنابەریتی کردمەوە، ئەوە وایکرد بزانم کە بە خەونەکەم گەیشتم، بەڵام ناتوانم زۆر تیای بمێنمەوەو دەبێت خێرا خۆم کۆ بکەمەوەو جێی بێلم.

## نمایش لەنێو وێنەی فۆتۆگرافیەوە

کاتێک نمایش تەواو دەبێت، ئێمە نمایش دەبەینە ناو یادەوەریەوە، یادێک پەیوەستە بەو ساتەی کارە هونەریەکە بەرهەم هات، بەڵام ئەوە ساتێکە هونەرمەندی فۆتۆگرافەر پاڤێو فێیداش Paweł fiej-dasz کە لەڕێی کامێراکەیەوە ئەو ساتە بەزیندوویی دەهێڵێتەوە، مانایەکی زیندوو بە پێرفۆرمانسەکەمان دەبەخشێت، ڕووبەرووی کۆمەڵە چەمکێکی وێنەییمان دەکاتەوە.

ئەو ساتەی لەڕێی وێنەکانەوە دەگەڕێینەوە بۆ پێرفۆرمانسی پەناهەندە، ساتێک ئەوە وێنەیە لەناو دیدی کامێراوە بینینی بینەر تۆمار دەکات، بەواتای بینینی نمایش لەناو بینەردا، کە ئەوەی بۆ ئێمە ماوەتەوە وێنەی شانۆییە وەک وێنەیەکی فۆتۆگرافی، توانای ئەوەی هەیە هەمیشە لەو ڕێگەیەوە بمانباتەوە ناو پێرفۆرمانسەکەوە، ئەوە بۆتە دۆکۆمێنتێکی زیندوو لەناو ئەو کتێبەدا، بەتایبەت ئەو ساتەی بەشێکی وێنەکان لەڕێی ڕەش و سپیەوە وێنە دەگرێت، ئیدی ڕەنگ وەک مۆسیقا و دیالۆگ لە نمایش دەسێنێتەوە، تا بۆ داهاتوو بیباتە ناو زەمەنێکی دوور، زەمەنێکی لەیادکراو، هەستەکان

و تەواوی ئاماژەکانی پێرفۆرمێر دەبنە ئاماژەی وون لەم کارەدا، بۆیە دەتوانین هەستەکان لەڕێی تەواوی ووردەکاری بخوێنینەوە، بەواتای نمایش لەڕێی فۆتۆوە ببینینەوە.

لێرەدا ئەوەی قسەی لەبارەوە دەکرێت خودی پێرفۆرمانسەکە نیە، هێندەی توانا و سەلیقەی فۆتۆگرافەرە کە چۆن وا دەکات نمایش بچێتە ساتی بەردەوامی لەڕێی گەڕانەوە بۆ ناو پاراستنی زەمەنی، کە فۆتۆگراف دەبێتە ڕووبەری خوێندنەوەی نمایش، ئەوە جۆرێکیتری ناسینە، کە لەڕووی زانستی وابەستەی دوو چەمکە، ئەو دوو چەمکە رۆلان بارت ناویناوە و کاری لەسەردا کردۆتەوە، ئێمەش لێرەدا پشتی پێدەبەستین، ئەوانیش «ستۆدیۆم و بۆنکتۆم»

بەپێی پێناسەکەی بارت، «ستۆدیۆم بریتیە لە تەئویلکردن و پێشوازی کولتوری و زمانەوانی و سیاسی بۆ وێنە»، بۆیە ئێمە لێرەدا کاتێک سەیری وێنەکان دەکەین، پڕۆژە پێرفۆرمانسیەکەمان کۆتایی هاتووە، بەڵام وێنەی فۆتۆگرافی لەپێرفۆرمانسی «پەناهەندە» ئەو کاریگەریە کولتوری و زمانەوانی و سیاسیە دەخاتە ڕوو، پەیوەندی کولتوری نمایش کە کۆچی مرۆڤی خۆرهەڵاتیە بۆ خۆر ئاوا، ئەوە بەگژداچوونەوەی کولتوریە، وەک چۆن لە پێرفۆرمانسی «کەونارا» ئێمە لە هۆلی نمایش

لـه كولتوریكـی پۆڵەندیـەوە ڕووبـەرووی كولتـوری خۆرهـەڵات دەبینـەوە، لێرەدا وێنـە لەڕێـی بینینـی جلوبـەرگ و ماتریالەكانـەوە ڕوویەكیتـری كولتـوری دەسـت نیشـان دەكات، لەهەمـان كاتـدا توانـای ئـەوەی هەیـە نیـگای بینـەر و سـاتی ڕامـان تۆمـار بـكات كـە چـۆن وەک شـتێک نامـۆ بـە تێگەیشـتنی ئـەو ڕووبـەرووی دەبێتـەوە، پێشـوازیكردن لەزمـان و سیاسـەت بەشـێكیترە لەنـاو وێنـە، كـە مێـژووی ئـەو سـاتەوەختە لەیادچـووە دەخوێنێتـەوە.

ئـەوەش ڕووبـەرووی چەمكـی دووەممـان دەكاتـەوە بۆنكتـۆم، كـە بـە زمانـی بـارت دەبێت بڵێین پەیوەسـتە بەكاریگـەری كەسـی لەڕێگـەی وێنـەوە, ئـەوەش خوێندنـەوەی پەیوەنـدی نـاو وێنـە فۆتۆگرافیەكەیـە، ئێمـە دەتوانین لەڕوانگەی ئـەو وێنانـەی نێوان وەرگر و پێرفۆرمێـر زیاتـر هەسـت بـەو پەیوەندیـە بكەیـن، بـۆ ئێمـە بوونـی ئـەو وێنانـە وەک بەشـێكی گرنـگ لـە دۆكۆمێنتكردنی پرۆژەكە لـەو كتێبـەدا بـە پێویسـتیەک دەبینیـن، بۆیـە ویسـتمان وێنـەكان لەپـاڵ ڕوانیـن و بۆچوونـەكان ئامادەبوونیـان هەبێـت.

ئەگـەر ڕووبـەروی ئـەو پرسـیارە ببینـەوە ئاخـۆ وێنـەكان دەتوانـن تـەواوی بوونـی نمایـش بـە ئێمـە بگەیەنن؟ لەڕاستیدا ئەگەر بگەرێینەوە بۆ ووتەیەكی بـارت دەبێت بڵێیـن ئـەوە هاوشـێوەی خـەون بینینـە

بە ڕابردوو، کە لەناو وێنەدا وەک هەوڵێکی سیزیفی ناوی دەبات، بەو مانایەی بۆ وەڵام بەو پرسیارە ئێمە ڕووبەڕووی بێهودەیی دەبینەوە، بەڵام هەوڵێکە وەک جۆرێکیتری بینین پارێزگاری لێ دەکەین بۆ نزیکبوونەوە لەتێگەیشتن، بەتایبەت کە بینەری ئێمە پۆڵەندی و ئۆکراینی بوونە، بۆیە مەبەستمانە ئاشنایەتی بە شانۆکاری کورد بخوڵقێنین بە پڕۆژەکە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش لەیوتیوب هەردوو نمایشەکەمان بڵاو کردۆتەوە.

سەرباری ئەوەی ئێمە ئینتیماکردنمان بۆ زەمەنی وێنە ئینتیمایەکی مەجازیانە بێت, ئەوە وێنەی فۆتۆگرافە ئێمە دەباتە ناو ئەو زەمەنە, ئینتیمایەک ڕوویەکی ڕاستەقینەی تیایە، بەوەی توانای ئەوەمان هەیە ئەوانەی پارێزراون, ئێمە وەک وێنەی ئەرشیفی بیانبینین، ئەو وێنانە لەڕوانگەی ژۆلیا کریستیفا بە (حەقیقەتی شێتانە) ناسراوە.

باشتێکی گرنگ لەبیر خۆمان نەبەینەوە، کە پەیوەندی بەو باسەوە هەیە ئێمە لەبەردەم ئەو فۆتۆگرافەدا ڕاستە سەیری کارێکی پێرفۆرمانسی دەکەین کە خۆمان بەرهەممان هێناوە، بەڵام ئەوە ڕێک وەک بیرۆکەی مەرگی نووسەری بارت وایە، بەواتای لەڕێی وێنەوە من و پێرفۆرمێر لەدەرەوەی پڕۆسەکەداین، ئەوە وێنە فۆتۆگرافیەکانە زمانی

پەیوەندی دەخوڵقێنن، زمانێک وابەستەی مرۆڤناسیە (ئەنترۆپۆلۆژیا) بەهۆی ئەوەی رەفتار و پەیوەندی مرۆڤ دەخوێنێتەوە، وەک بارت ئاماژەی بۆ کردووە کە وێنەی فۆتۆگرافی بابەتێکی ئەنترۆپۆلۆژیە.

ئەنترۆپۆلۆژیایەک کە خاڵی نیە لەحەقیقەتی شێتی، لێرەدا وێنە لەنێوان کریستیڤا و بارت بەیەکمان دەگەیەنن، بۆیە چەندە شێتی بێت، بەڵام حەقیقەتێکی مرۆییە، لێرەدا کاتێک خوێنەر کۆی کتێبەکە دەخوێنێتەوە، دەتوانێت وێنە کۆمەکی زۆری بکات بۆ تێگەیشتن و زانین لەبارەی پرۆژە پێرفۆرمانسیەکەدا.

# پاژی دووەم:
# دیدگای هونەری لەبارەی پرۆژەکە

## چەند ڕوانینێک لەبارەی پڕۆژەکە

«لێگەڕێ با ئەم شەوە کۆتایی بێت» پڕۆژەیەکی پێڕفۆرمانسی هاوبەشی شانۆکاری کورد نیهاد جامی و پێرفۆرمێری پۆڵەندی یۆوانا سارنێچکایە، کە بریتیە لەدوو کاری پێرفۆرمانسی و لە چەندین شاری پۆڵەندی نمایشکراوە، لەبارەی ئەم پڕۆژەیەوە نیهاد جامی باس لەوە دەکات پڕۆژەکە پەیوەندی بە دوو دیدی پێرفۆرمانسیانەوە هەیە، کە تێکشکاندنی یەکترین، پەناهەندە چیرۆکی ئازارو سەختی مرۆڤی کوردیە لەخۆرئاوا، کاتێک ئەو چیرۆکە تەواو دەبێت، لەلایان پێرفۆرمێرەوە بینەران ئاگادار دەکرێنەوە کە ئەگەر ئەوان بۆ سەیرکردنی شانۆ هاتوون دەتوانن بچنە هۆڵەکەوە بەمشێوەیە پێرفۆرمانسی دووەم کەونارا دەست پێدەکات.

بەبڕوای پێرفۆرمێر Joanna sarnecka یۆوانا سارنێچکا، ئەو شتێکی وای ئەنجام نەداوە کە گرنگی ئەوی تیا دەربکەوێت، بەڵکو ئەوە توانای دەرهێنەر بووە بۆیە دەڵێت «بوونی من لەم پێرفۆرمانسەدا تەنیا وەک پێرفۆرمێر بووە، ئەوە داهێنراوی دەرهێنەری داهێنەری کورد نیهاد جامی بوو، کارکردن لەگەڵ ئەودا هەر وەک سەرکێشی بوو، سەرچاوەی ئیحا

بەخش بوو بۆ من، ئەو هونەرمەندێکە دەکرێت لەشانۆی پۆلەندی زۆریترمان پێ ببەخشێت»

هونەرمەندی فۆتۆگرافەر Paweł fiejdasz پاڤێو فێیداش کە زیاتر کار لەسەر دیمەنە شانۆییەکان دەکات بە هونەری فۆتۆگراف، ئەرشیفێکی تایبەتی وێنەیی سەبارەت بەم پێرفۆرمانسە ئەنجامداوە دەڵێت «ئەگەر ناچار بە بیرکردنەوە بیت بینینی ئەم نمایشە کارێکی باشە، ئەوە بیرکردنەوەیە لەژیانت و دەورووبەرت، دیاردە هەست پێنەکراوەکان دێنە پێشەوە، لەمسیان دەکەین و بە هێزەوە ئاوێتەیان ئەبین، دیاردەکان خۆیان لەناو فەرامۆشکراوی ناهێڵنەوە، زۆربەی جار بەرێگای پێچاو پێچدا دەڕۆن، بەڵام پشوو نادەن کەچی بێ هیواو بێ هەست دەردەکەون، دەست لێدانێکی جوان بوو بۆ سەر بابەتەکە، با پرسیارەکان بەبێ قسەکردن بمێننەوە»

هەرچی هونەرمەندی شێوەکار خاتوو باربارا کاسپژیچکا (Barbara kasprzycka)یە لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لەفەیسبوک لەبارەی ئەو پێرفۆرمانسە نووسیویەتی «دوێنێ بەهۆی کەونارا لەڕووداوێکدا بووم کە خۆشییەکی سەرەتایی وەها لە مندا بەئاگا هێنایەوە کە نزیک بوومەوە لە شتێک کە لە بێهێزی

بیرکردنەوەکانم بەئاگا دەهێنێتەوە، ئەزموونی ئەوەم پێدەبەخشێت کە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بم بەگشتی و مانایەکی گرنگی هەبوو بۆ من.  تا هەست بکەم لەنزیکی ئەو خەڵکانەدام، هەست بە نزیکیان بکەم، سوپاس بۆ ئەو دێرەی ووتی «ڕۆحم لەناو دەستمدایە»

هونەرمەندی پۆڵەندی یاکوب کاسکا Jakub kaska کە فیلمێکی دۆکۆمێنتاری لەبارەی پێرفۆرمانسەکە درووست کردووە دەڵێت «دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوت کە دۆکۆمێنتی کارێکی داهێنەرانەی سێ هونەرمەندی سەرسورهێنەر بکەم نیهاد و یۆوانا و حەمە، بۆ ئەوەی بزانین ژیان چیە دەبێت ئەو کارە ببینین».

## به تەنیشت ئیستاتیکاوە دوو هونەرمەند
## روەو پێرفۆڕمانس دەڕۆن

**نووسینی: حەمە هاشم**

دەرهێنـەر و شـانۆکاری کـورد (نیهـاد جامـی) و پێرفۆڕمـەری بـە ئەزموونـی پۆلەنـدی (یۆوانـا سـارنێچکا)، لـە دوو بەرهەمـی پێرفۆڕمانسـی گرنگـدا کۆمـان دەکەنـەوە، نمایشـەکەیان تایبـەت بـوو بـە پەناهەنـدە و دەربڕینـە فکریەکانـی نمایشـەکەیان گوزارشـت بـوو لـە رەوشـی ناهەمـواری مرۆڤـی پەناخواز، ئەمـەش بازنـەی بەهێزی فکرییە لەکارەکەدا.
بەر لـەوەی بگەینە خاڵی روانیین لە بیری کارەکەدا، گرنگە بزانیـن پێرفۆڕمانس چییە؟ .
لـە هونـەردا چەمکێک هەیە بۆ جۆرێک لـە کارکردنی هونـەر پێی دەگوترێ«پێرفۆرمانس» تاڕادەیەک ئـەم چەمکـە لـە هونـەری کوردیدا زۆر تازەیـە، بـەڵام لـە دونیـای هونـەری مۆدێرنـی جیهانـدا مێـژووی هەیـە، هەنـدێ جـار لـەلای ئێمـە بەهەڵـەش بەکارهاتـووە!، لـە بنەچـەدا چەمکی پێرفۆرمانـس واتـا هونـەری ئەدائکـردن، یـان بڵێیـن هونـەری سـروتگەرایی، ئـەم

هونـەرە لـە سـەرەتادا لـە دەروازەی شـانۆوە کەوتۆتـە نـاو هونـەر، چونکـە جۆرێکـە لـە دەربڕیـن لـە ڕێگای بـاری نمایشـئامێز و ئاهەنگئامێـز کـە جووڵـەی جەسـتە و دەنـگ و ئاکامـی کارەکـە پەیوەنـدی دەگـرن بـۆ پێکهاتـەی پێرفۆرمانسـی، یەکەمیـن نمایشـی پێرفۆرمانـس لـە ئەزموونـی هونەرمەنـدە سـەربەخۆخوازەکانی ئیتاڵیـاوە دەسـت پێـدەکات کـە لـە دوای شـەڕی جیهانـی یەکـەم و لـە سـەرو بەنـدی سـەرهەڵدانی دادایـی و تەوژمەتازەکانـی هونـەر سـەریهەڵداوە، گەورەترین ئامانج لەوەدابوو کە وێنە و ڕەنـگ هۆڵەکانـی نمایـش بەجێبهێڵـن و بچنـە سـەر شـەقام و تێکەڵەیـەک لەگـەڵ شـانۆکردندا دروسـت ببێـت، چونکـە جەسـتەی هونەرمەنـد بەشـێکە لـە کارەکە و چۆنیەتی جوڵـە و دەربرین هەمووی پێکەوە گرێدەدرێـت بـۆ دامەزراندنـی کارێکـی پێرفۆرمانسـی، هونەرمەند «مارینیتی» کاتێک لە ساڵی ١٩١٣جۆرێک لـە شـانۆی نمایشـکرد و نـاوزەدی کـرد بەشـانۆی هەمەچەشـن، بـەڵام سـەرەتاکانی دەرکەوتنـی ئـەم هونـەرە وەک یەکەیەکـی سـەربەخۆ دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٥٠ لەسـەر دەسـتی هونەرمەنـد «جـۆرج ماتیـۆ» کاتێـک لەکاتـی نمایشـی شـانۆگەرییەکەی بەنـاوی - سـارە بێرنـارد- لـە پاریـس نمایشـی کـرد و لەسـەر شـانۆکەی تابلۆیەکـی گـەورەی بەمـاوەی

بیست خوولەک درووستکرد، دوای ئەوەش کۆمەڵێ نمایشی دیکەی هونەرمەندان هاتەکایەوە لەوانە «جۆن کاچ» هەروەها گروپی گوتای ژاپۆنی لەلایەن هونەرمەند«کازوشیراجا» لەدوای ئەمانەش کۆمەڵێکی دیکە لەسەر ئەم ڕێبازە کاری زۆر سەرنج ڕاکێشیان کردووە، جگەلەمانە دواتر پێرفۆرمانسی میوزیکیش دروست بوو لە ساڵی ١٩٦٢کە تێکرای ئەم هونەرە تێکهەڵکێشێکی بنەرەتیە لە هونەرەجۆراوجۆرەکان و گوزارشتە لە سرووتێکی تایبەت یان گشتی، بە ماتریاڵی جیا جیاش کاری لەسەر دەکرێت.

ئەم پێشەکییە مێژووییە بۆ ئەوەبوو کە تێبگەین و ڕایەڵەکانی شانۆ و پێرفۆڕمانس جیابکەینەوە، نمایشێک لە کوردستان پیادە دەکرێت کە لە بنەرەتدا پێرفۆڕمانسێکی ناڕێکخراوە بەڵام لێرە پێی دەگوترێت (شانۆی شەقام)، چەمکەکە لە بنەرەتەوە بەهەڵە گەیشتۆتە ناو فەزای هونەری ئێمە، چوونکە هەمان ئەو ڕەگەزانەی هەیە کە لە کاری پێرفۆڕمانسی پیادە دەکرێت بەڵام کۆنسێپتی کارەکان ناگەنە ئەو ئاستە فکرییانەی کە بەرهەمی پێرفۆڕمانسی پێویستێتی.

نیهاد جامی هونەرمەند لەسەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە کاری لەسەر ئەم جۆری نمایشانە کردووە بەتایبەتی لە بابەتەکانی ئەنفال و جینۆسایدی هەڵەبجەدا، ئەم پاشخانە فکری

و ئەزموونـی و کولتووریـەی وای کـردووە کـە ڕەچەشـکێنانەتر خولیاکانـی بکات بـە زانسـت و فکـر لـە کاری تۆکمـەی پێرفۆڕمانسـییدا.
ڕەنگـە بەختـی هونەرمەندێکـی وەهـا لەوەشـدا بێـت کـە کارەکتـەری بەرهەمەکـەی (یۆوانـا سـارنێچکا) پێرفۆڕمەرێکـی بـە ئەزموونـی بوارەکەیـە کـە کاری لەگەڵـدا دەکات.
یۆوانا سـارنێچکا ئەگەرچی زمانی کوردی نازانێت بـەڵام لەگـەڵ کەشـی گشـتی ڕوانیـن و تێکسـت و ئاوازەکوردییەکانـدا بـە ئاسـانی خـۆی ڕادەهێنـا، ئەمـەش بەشـێکی گرنگـی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە هونەرمەندێکـە ئەزموونـی زۆر و دەربرینەکانـی بـە جەسـتە کۆسـپەکانی لەبـەردەم لادەبـەن، ئەداکردنـی تێکسـت بـە جوڵـەی لاشـە و دەنـگ و دەربڕینەکانـی دەموچاوو هەروەهـا بەکارهێنانی هەندێ کەرەستەی سـینۆگرافی بـۆ ئـەم ئەکتـەرە کارێکـی سـەخت نەبـوو، هەرلەبـەر ئەوەشـە سـەرکەوتنی کارەکە لـە سـەرەتاوە بـە ڕوونـی دیاربـوو.
ڕوانینەکانی نیهاد جامـی دەرهێنـەر، لـە نمایشـەکاندا، هێندەی تێزێکی فکری و قوڵ یان هەبوو هێندە خۆی نـەدەدا لـە بابەتـی ئیسـتاتیکی کـە ئەمـەش بۆخـۆی جۆرێکە لـە بنەما بـۆ کاری پۆست مۆدێرن ئـاڕت.
یەکێـک لـە خاڵـە گرنگەکانـی دیکـەی نمایشـی

«پەناهەندە» بابەتی گێڕانەوەی چیرۆکی مرۆڤهایەکی پەناخوازن، کە پێرفۆڕمەری سەرکەوتوو دەتوانێت ئەو تێکستانە وەک چیرۆکێک لە زمانێکی دیکەی جیاوازدا پیشانمان بدات، گێڕانەوە لە بابەتی پێرفۆڕمانسدا، زمانێکی زیندوو و تازەیە کە هەندێ جار بەبێ ووتنی هیچ ووشەیەک بینەر تێیان دەگات، بۆیە هەڵبژاردنی دەقێک و چەمکی جیاوازی کولتووری لە نێوان دووکەسی نەتەوە و رەگەز جیاواز ئەوە دەخەملێنێ کە بینەر زمانی سێیەمی پێبگات، ئەمەش بۆخۆی سەرکەوتنێکی بەرچاوو بوو لە دیدی بینەری نمایشەکە بۆ ئیستاتیکای بینین و گەیشتنی فکری بەرهەمەکە بە شێوەیەکی سانا و تەئویلکردنێکی رۆشن بۆ کاری جدی.

لە رۆژی ٢٣ ی ئاداری ئەمساڵ ئەم کارە پێرفۆڕمانسییە لە کرۆسنۆ لە پۆلۆنیا نمایشکرا، هونەرمەند «یووانا سارنێچکا» بە حەماسێکی زۆرەوە دەرژا بەناو رووداوەکان و بەتەواوەتی هەستی بەو ئازارانە دەکرد کە لە ناواخنی مرۆڤێکی پەناهەندەدا بوو، هەستت دەکرد هەندێ جار گریانەکانی ناوەوەی بۆ راناگیرێت و تێکەڵ دەبێت بە کەشی نمایشەکە، ئەمەش بۆخۆی هێزێکی زۆر دەردەخات لە تواناکانی نواندن لە شانۆ و جەستە و دەربڕیندا.

کارەکە بەگشتی تێڕوانینی دەرهێنەر زاڵتر دەبینرا وەک لە ئەکتەر، چونکە بیرۆکەی کارەکە کە بەناوی پەناهەندە یان پەنابەر دەهاتە نێو فەزای نمایشەوە زۆرتر باسکردنی چیرۆکی نیهاد جامی بوو وەک مرۆڤێک کە خۆی ئەزموونی پەنابەریتی دەکات، دەتوانین بڵێین یۆوانا سارنێچکای ئەکتەر لەخشت دەدرا بۆئەوەی کەسایەتیەکی راستگۆیانەی پەناهەندە نمایش بکات.

ئەم بەرهەمە دووبەش بوو، یەکێک لەهۆڵێکی نمایشی ماڵی کولتوری کرۆسنۆ و بەشی دووەمی هێنرایە دەرەوەی گۆڕەپانی سەنتەری شاری کرۆسنۆ، کە ژێر دارێکی گۆرەپانەکە بە چادرێکی نارێک و جلو بەرگی پەنابەرانەی کارەکتەرەکە نمایشەکە بەرێوە دەچوو، پێرفۆڕمەر هەوڵی دەدا بەو کەرەستە کەمانەی نمایش جۆرێک لە کەسایەتی بەهێز بۆ پەناهەندە درووست بکات کە بەرگەی گەرمی و ساردی و نەهامەتی و جەنگ و رەوو و نارەحەتی دەگرێت، ئەمەش ببوە خاسیەتێکی جدی و ئاوێتە لە دەروونی «یۆوانا سارنێچکا» وەک پێرفۆڕمەرێک، کە بینەر رادەچڵەکێنێ لە دیار دیمەنەکانی.

بە گشتی کەشی کارەکتەرەکە وەک مرۆڤێکی بێهیواش دەهاتە پێش چاوو کە تێپەڕیبوو بە

نێـو جەنگەڵـی ڕووداوهایەکـی زۆر لـە نائومێـدی و یاخـی بـوون و پەرچەکـردار، کـە تێکڕایـان وێنـەی ڕاسـتەقینەی ژیانی دەرهێنەرەکەمـان دەخەنە بەردیدە کـە هونەرمەنـد ( نیهـاد جامـی) بـوو.

هەڵچنینـەوەی هیوا و دارمانی دووبارە وەک شـریتێکی ڕۆتینـی لـە ژیانـی خۆیـدا دەیگواسـتەوە نـاو دیمەنـی کارەکـەی .

ئـەم نمایشـە خاوەنی پەیامێکی ئینسانی بەهێز بوو و هانـی بینەرەکانی دەدا کە هـاوکاری کۆبکەنـەوە بۆ پەناهەنـدە و بـە چاوێکـی ئینسـانی جوانتـر سـەیریان بکـەن.

نیهاد خاوەنـی تێشـویەکی زۆر لـە چیرۆکی نەهامەتی و ئاوێتەکردنـی بـە جەسـتەی پێرفۆرمەرەکـە هێزێکـی جوانـی دەبەخشـی بـە جیـاوازی ئـەم کارەی لەگـەڵ کارە هونەریەکانـی دیکـەی.

## چیرۆکێک لەبارەی پەناهەندەکان

**نووسینی: یۆوانا سارنێچکا**

بینەرێک لەبارەی پێرفۆرمانسی پەناهەندە کە بەشێک بوو لەپڕۆژەی «لێگەڕێ با ئەم شەوە کۆتایی بێت» لەدەرهێنانی دەرهێنەری کورد نیهاد جامی بوو نووسیویەتی «ساتی وا نوقم دەبووم لە شەرمەزاری ناو جیهانێک کە دەمانتوانی بۆ مرۆڤگەلێکی بخولقێنین، هەندێکجاریش گریانی ناخم دڵی دەشکاندم»

لەوپەڕی خۆشبەختیدابووم کە وەک ئەکتەر لەم پڕۆژەیە بەشداربووم، یا بەواتایەکیتر کە کەرەستەیەکی نواندن بووم، ئەوە ئەو شتە بوو کە لەناو خۆمدا بیرم لێی دەکردەوە، لەبەر ئەوەی هیچ شتێکم لەبارەیەوە نەدەزانی، چی ڕوو دەدات؟ وە نە لەبارەی شێوازی کارکردنی دەرهێنەرەکە، بڕیارمدا متمانە بکەم و خۆم بسپێرم بە کاردانەوە هونەریەکانی، کارەکە لە ڕادەبەدەر کاریگەر بوو، کاریگەری سووک و مەبەستدار، وێنە دەست نیشانکراوەکان بەس بوون، کە دەرهێنەر بەکاری دەهێنێت وخزمەتی کارەکەی پێدەکات، پێشنیاری

ئارامبەخش، سەبارەت بە ئاماژە و ماناکانی، کرۆکی چیرۆکەکە تەواو بەهێز بوو، پانتاییەکی فراوانی بەخشی بوو بە ڕاڤەکردنی خود، کە هەست کردن بوو بە ئازادی، لەهەمان کاتدا ببوە سێنتەری سەرەکی کارەکە.

## چاوەڕوانیەک کە کۆتایی نایەت

پەناهەندە ووشـەیەکی زمانی کوردی سۆرانیە (زمانی کوردەکانـە لـە عێـراق)، بابەتـی سـەرەکی ئەزموونەکـە لەڕوانگەی پەناهەندەوە بوو، کەوا دوو پێرفۆرمانسـی گرتبووە خۆی، یەکەمیان مۆنۆدرامەیەک بوو بە ناوی «پەناهەندە» کە تایبـەت بـوو بـە ئەزموونـی کەسـێتی نیهـاد جامـی، ئـەوە لەشـوێنێکی کـراوە نیشـاندرا، لەگۆڕەپانی بازاڕی کرۆسنۆ، خێمەیەکی چکۆلانە لەژێر درەختێک دانرا بوو، تیایدا چیرۆکێکی تاڵم دەگێڕایەوە لەبـارەی سـۆز بـۆ نیشـتمان، وەک کەرەسـتەی نوانـدن بەمشـێوەیە دەمامـەوە و پارێزگاریـم لـە شـێوەی نێرایەتـی دەکـرد، بـەلام بەبێ ئـەوەی کەسـێتیەکی نێر بەرجەسـتە بکـەم، لێـرەدا ڕەگـەزی گێـڕەرەوە گرنـگ نەبـوو، بـەڵام ڕەگـەزی مـن لەپێرفۆرمێرەکـەوە بـوو، ئەگـەر مـن وەک ژنێـک ئـەم چیرۆکـەم بگێڕابایـەوە، جێگای متمانـە نەدەبـوو، ئـەو کات پێویسـتی بـەوە دەبـوو ڕەگـەز و ڕووداو و هەڕەشـەیتری تێدا بوایـە، بینینێکی جیاواز، بۆیـە پاڵەوانی مۆنۆدراماکە پیاوێکی کاملـە، پەناهەندەیـە، لەبەرامبـەر ئاراسـتەیەکی نامۆدایـە، جیهـان وەک دوژمنکارێـک بەربەرەکانـی دەکات، وەک منالّـی لـێ دێـت، پاشـەکشـە دەکات و لەنـاو یادەوەریـدا

دەمێنێتـەوە، ئـەو کەسـێتیە شـتێکی تیایـە لـە پاڵەوانـی دراماکانـی بیکیت، خوڵقێنـراوی نـاو قەیرانـە، قبوڵکراو نیـە، کـە تیایـدا هەمـوو بێدەسـەڵاتیەک دەسـەلمێندرێت، نازکیـەت و لەهەندێـک بـاردا سرووشـتی قێـزەون بـۆ بوونـی زەوی.

ئـەم چیرۆکـە بـەرەو هیـچ شـتێکی بـاش ناتبـات، نـە کۆتاییەکی دڵخۆشـکەرو نـە هەناسـەدانێک، بانگهێشـتی پاڵـەوان: «ئایـا دواجـار ئـەم شـەوە کۆتایـی دێـت؟» گەڕانـەوەی بـەردەوام بـۆ ئومێـد و دووبارەبوونـەوە: «ئاخـۆ سـبەینێ ئیقامـە وەرئەگـرم و ئەتوانـم وەکـو مرۆڤ بژیـم» هەروەکو چاوەڕوانی گۆدۆ بێئەنجامـە، بـەڵام ڕزگاربـوون، بەهـەر ڕێگایـەک بێـت هێشـتا نەهاتۆتـە دی، ئـەوە چارەنووسـی پەناهەندەیـە، جـا لـە چیرۆکەکـەدا بێـت، یـاوەک ژیانـی نیهـاد جامـی، ڕۆژێک دوای نمایشـەکە بۆ جاری سـێیەم لـە پۆڵەندا مافـی پەنابەرێتـی ڕەتکرایـەوە. سـەفەرەکەی دوای دەرچوونی لـە کوردسـتان و ڕۆیشـتبوو بـەرەو ئیتاڵیا، تـەواوی گەشـتە نائومێدەکانی نوقمبۆتـە نـاو ئەزموونـە ڕاستەقینەکانی ژیانی، هێزی پاڵنەری پشـت کارکردنی، ئارەزووکردنـە لـە ژیـان، لـەوێ، پاڵـەوان لەکوێـوە دت، ژیـان مەحاڵـە، بـەڵام وەک دەردەکەوێت، وەک بیانیـەک تەنیا جێگرەوەیەکی دەسـت دەکەوێت، شـەوی تاریک کـە کۆتایـی نایـەت بـە چاوەڕوانـی بەیانـی.

## درامای میتافیزیکی

دوای ئـەم هەڵوەسـتە واقعـی و شـانۆییە، پاڵەوانەکـە لەنیـوەی ڕێگاکـە لـە ڕۆڵەکـە دەرچـووە، ئامادەبـووان بـەرەو باڵەخانـەی نمایشـەکە دەبـات، هەمـووان سـەردەکەونە نهۆمـی سـەرەوە، لـە نهۆمـی سـەرەوە، سـەر لەنـوێ ئەزموونـی ئـەم چیرۆکـە دەکەیـت، ئەمجارەیـان بـە زمانێکـی جیـاواز خسـتراوەتە ڕوو، ئـەوە پێرفۆرمانسـی دووەمـە بەنـاوی «کەونارا»ئـەوە سـرووتێکی کشـتوکالی نێـوان ژیـان و مەرگـە، ژن سـێنتەری ئـەو سـرووتەیە، گۆرانـی دەڵێـت و بانگهێشـتی خوداوەند دەکات، هەڵدەسـتێت بە ئاماژەی ڕەمزی: ڕشتنی دانەوێڵە، تێکەڵکردنی لەگەڵ خۆڵ و ئـاو، لەدیمەنەکانـی سـەرەتادا بـە خەمباریـەوە پارچـە قوماشێکی سپی بەدەستەوەیە، دەکرێت ئەوە زۆر مانا بۆ پەیوەندی بگەیەنێت، کفن، ئەوە بەپێی سونەتگەرای ئیسـلام مـردووی تیا دەپێچرێت، یا بانگهێشت کردن لەڕێـی پاژنـەی پـێ، گریـان، دەردەکەوێت ماتەمینەکـە پێرفۆرمانسـێکی هاوسـۆزبوونی نێـوان کولتورەکانـە، چنینێکی بابەتیە بۆ سرووت- لەلایەکی تر هەڵگرتنی خەمـی مردووەکانـە لـە ژیانـی دوای مـەرگ (قیامـەت) سـرووتی ماڵئاوایـی، بـۆ کارکـردن لـەم دیمەنـەدا،

نیهاد جامی تەنیا ئەوەی ووت: ئەوپارچە قوماشەی لەسەر دەستەکانتە، ئەوە دەریایە، خەلکانێک خۆیانی پێ دەسپێرن و لەرێی مەلەکردنەوە دەیانەوێت بگەن بە خاکێکیتر تا ژیانیان ڕزگار بێت لەو دۆزەخەی تیایدا دەژین، کەچی لەکۆتاییدا لەناو دەریادا دەمرن و دەخنکێن.

بەتوندی وابەستەی ئەو وێنەیە بووم و تەواو کاریگەری بەسەرمەوە هەبوو، ئەوە چ مۆتیڤێکی چالاکە بۆ من، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێدەسەلاتیەکی گەردوونیە لەبەرامبەر مەرگەساتی پەناهەندەکان، دارستان و موسیبەتەکانی دەریا و شوێنگەی باشی من لەوەی تیایدام، بانگەشەیەکە بۆ خودایەکی تاریک، دەکوژێت و ژیان دەبەخشێت، ئەوە ئەو نهێنیە بوو کە لەم کارەدا دۆزیمەوە، هەرگیز ئەو ئاماژەیە لەیاد ناکەم.

لە ڕاستیدا ڕووبەری شانۆش دەگوازێتەوە ئاستەکەیتر، لەو ئاستەیتر کە شانۆکەی بۆ دەگوازێتەوە، لە بەرزاییدا دەمامکێکی گەورە دەبینیت کە تا سەر زەوی هاتووە، بە دەوری دەمامکەکەدا سرووتەکە بە گۆرانیەکی بەهاری ئۆکراینی کۆتایی دێت، ئەم دوو ئاستەی واقیع، زەوی و ژیانی دوای مردن گرنگی خۆیان هەیە لەم نمایشەدا، واقیع لێرەدا بوونی هەیە، ئەتوانێت لەسەر ئەم دوو پلانە

کار بکات، لەهەمان کاتدا میتافیزیکیای ئارامگری و ئازارە، تراژیدیای مرۆیی بۆ ئەمە ناگەڕێتەوە، یان هەر ئاینێکیتر نایەتەوە سەری، شتێکی سەرەتایی هەیە لەبارەی ئەو بابەتەوە، ئەوە ڕاستیە کە شتێکە لە ئێمە زیاترە، ئاخۆ ئێمە ئەوەمان دەوێت یاخود نا، ئێمە وەک گۆڕانکاری وەرزەکان بەشداری دەکەین، مردن لە دانەوێڵەدا، کاتێک بەرهەمەکەی دێت، لە کولتوورە کشتوکاڵییەکاندا خەیاڵ لە خاکدا بەدوای هیوادا دەگەڕێت، لە پێچە سەوزاییەکانیدا.

## هونەر وەک کۆبوونەوەو یەکتر بینین

سەرباری جیاوازیە کولتووریەکان و ئالۆزی پەیوەندی ڕوون لەگەڵ یەکتری، بۆ من وەک پێرفۆرمێرێک کارکردن لەگەڵ نیهاد جامی ئەزموونێکی ناوازە بوو، ئەوە بەڕوونی دەردەکەوت هەندێک کات وێنە و ڕەمزە نارۆشنەکانم وەردەگێڕانە ناو کۆدە کولتوریەکانەوە، لە ئاستێکی قوڵدا لێکچوونی کولتوریی زۆرمان هەیە، دەتوانین ناکۆکیە کولتوریەکانی تێپەڕێنین و لەسەر لێکچوونەکانی کار بکەین، دەتوانین کاری شانۆیی وا لێبکەین ببێتە ئەزموونی دیالۆگکردنی نێوان کولتورەکان، فراوانکردنی هەرێمەکەی خۆت بەڕووبەرێکی فراوانترەوە، دەنگ وپێوەرو زمانەکانیتر.. دەکرێت ببنە زمانی پەیوەندیی، کە هیچ بەربەستێک ناناسێت، بەدوای ئەوە دەگەڕێت کە هاوبەشە لەنێوانیان، بۆیە ناتوانیت تەنیا لە کاتی بوونت لەسەر شانۆدا، ئەزموونی ڕاستی قوڵایی ئەو کارە بکەیت.

کاریگەریەکی ڕوونی بەسەر بینەرانەوە جێهێشت، ئەوە وایکرد هەندێکیان بە نوسینی کورت گوزارشت لەو کاریگەریە بکەن، لەوانە:

دوێنێ بەهۆی کەونارا لەڕووداوێکدا بووم کە خۆشییەکی سەرەتایی وەها لە مندا بەئاگا هێنایەوە

کە نزیک بوومەوە لە شتێک کە لە بێهێزی بیرکردنەوەکانم بەئاگا دەهێنێتەوە، ئەزموونی ئەوەم پێدەبەخشێت کە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بم».

«کارێکی زۆر بێزارکەرە لە شوێنی پشوودان و حەوانەوەی خۆتەوە، ئەوە کاردانەوەیەکی زیندووی هونەری ئەو هونەرمەندانەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد، هونەرێکە بەتەنیا نەک لەڕووی جوانکاریەوە، بەڵکو لەڕووی کولتووریشەوە تەواو گرنگە.

# پاژی سێ یەم:
# گفتوگۆ

## گفتوگۆیەک لەبارەی کولتوور و شانۆ

**دەقی ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ ئێمە بۆ گۆڤاری «ئۆدرا»ی پۆڵەندی سازکراوە، کە گۆڤارێکی کولتورییەو بایەخ دەدات بە کێشەی کولتورە جیاوازەکان و نووسەرو هونەرمەندی پەنابەر.**

* با لێرەوە ولە ئێستاوە دەست پێ بکەین: جارێکی تر لە پۆڵەندا مافی پەنابەریت ڕەتکرایەوە. وا بۆ سێ ساڵ زیاترە تۆ لێرەیت، فێری زمان دەبیت، لەسەر پۆڵەندا دەنووسیت، حەزت لە کولتوری پۆڵەندیە، ئەوە بەگژداچوونەوەیە لەگەڵ واقیعەکەدا؟ کۆمێنتی تۆ لەو بارەیەوە چیە؟ پێمانخۆشە هەستی تۆ بزانین؟

- با لەو شوێنەوە دەست پێ بکەین کولتور چیە؟ نەک کولتوری پۆڵەندی چیە، بۆچی؟ ئێمە لەدەرەوەی کولتورەوە ناتوانین بیر بکەینەوە، بۆیە لەئاستی کۆی کولتوور، کولتوری پۆڵەندی کۆی کولتور پێک ناهێنێت، بەڵام بەشێکە لەکولتووری مرۆیی، ئەو بایەخدانەی من بۆ ئەو کولتوورە وابەستەی گوتارە شانۆییەکەیەتی، لێرەوە ئێمە ناتوانین وا لەکولتوور بڕوانین کە پێگەی ئێمە لەناو کولتوورەکە چیە،

بەڵکو دەبێت وا سەیری بکەین چۆن لەگەڵ ئەو کولتورە کار دەکەین، لێرەوە پەیوەندی نێوان زمان و کولتور ئۆرگانێکی گرنگی تێگەیشتنە لە کۆمەڵگا، بۆیە لەدەرەوەی زمانەوە ناتوانین کولتوور بناسین، ئەوەش وایکرد لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا ڕۆژانە شەش کاتژمێر تەرخان بکەم بۆ فێربوونی زمانی پۆڵەندی، کاتێک چوومە کۆرسی زمان چونکە بۆ خۆم هەوڵی زۆرم دابوو، بۆیە لەئاستی A 2 وەرگیرام و دوای سێ مانگ بڕوانامەی B 1 م وەرگرت و ئێستاش لە B2 دەخوێنم، خەریکی کارکردنم لەسەر کتێبە نوێیەکەم بەناوی «شانۆی پۆڵەندی لەسەدەی بیستەمدا ١٩٠٠ تاوەکو ٢٠٠٠» ئەوە نایەلێت تەسلیم بم و بیر لە مافی پەنابەرێتی بکەمەوە، من پێویستە لەبارەی شانۆ بنووسم لەهەر دەرفەتێکدا وەک دەرهێنەر کار بکەم، هەر کۆرسێکی شانۆیی هەبوو دەبێت لەوێ بم و فێر بم، تا بتوانم ئەوانە بزانم کە نایانزانم، بۆیە ناکرێت لەگەڵ واقیعەکەدا ڕێ بکەم، کاتێک ویستیان لەم وڵاتە دەرمبکەن تووڕە نابم، بۆچی تووڕە بم؟ کولتوور پەیوەندی بە سیاسەتەوە نیە، هەلبەت سیاسەت وەک زانست باس ناکەم بەلکو باس لەو گەمە ئایدیۆلۆژیە دەکەم بۆ ئۆکراینیەکان باس لە مافی مرۆڤ دەکەن و سنوریان بۆ دەکەنەوە، بەلام کوردەکان لە سنوری بیلاروسیا

دەمرن، دەرگاکانیان توندتر بەسەردا دادەخەن، ئەوە بۆ من گرنگە بتوانم بیگۆڕم بۆ شانۆ، تا بەو گوتارە سیاسیە بڵێین دەبێت مەترسیت لە کەوتنی دەمامکەکەت هەبێت، تۆ پێت وایە چارەنووسی من لە هی ئەو منالانەی سەر سنوور گرنگترە؟ بەهیچ جۆرێک، من دەمەوێت شانۆ گەر نەتوانێت ئەوان بخاتە ئەو دیوو سنور، بەلام بتوانم بە دنیای نیشان بدەم لەبەردەم چ سەدەیەکی درۆزن بێ ئەخلاقداین

* کەمێک لەبارەی خۆت و ئەو شوێنە بدوێ کە لێیەوە هاتوویت و بۆچی پۆڵەندا کەتو خەیاڵتەوە بۆ سەفەر؟

– منیش هەندێکجار لەخۆم دەپرسم بۆچی لێرەم؟ لەوێ نیم لەگەڵ ئەکتەرەکانم، بیری ساتە شێتیەکانی پرۆڤە، خەون بینینی هاوبەش داگیرم دەکات، تازە ناتوانم لەوێ بم، ئەوێ بۆ من بوو بە ڕابردوو، سەیری ئەو ئێستایە دەکەم، ئاخۆ چ کۆششێکم پێویستە تا بتوانم لێرە دەست بەکارکردن بکەم؟ ڕەنگە لەئاستی تێگەیشتنی کولتووری گرفتێکی گەورەم نەبێت، چونکە ڕابردووی ئەو شانۆیە بۆ من هێندە نامۆ نیە، بەشێکی زۆری ئەو ئەرشیف ونمایشەکانم لەڕێ ڤیدیۆوە ئەبینی، لێرەش هەوڵمدا کەم تا زۆر بتوانم ئاشنایەتی بە سەرچاوەو کتێبەکان پەیدا بکەم، گرفتەکە لەشوێنێکیترە، پەیوەستە بە

دیدی من لەشانۆدا، لەوەی من دەمەوێت چی بکەم و لەگەڵ کێ کار بکەم، ئەوە پێویستی بە متمانە و هەڵوەستە لەسەرکردنە، بەم دواییە لەدوو کاری پێرفۆرمانسیدا لەگەڵ یۆوانا سارنێچکا هەستم ئەکرد نزیکیەکی زۆر کۆی دەکردینەوە، ئەو ئەکتەرە خێرا دەیزانی من چیم دەوێت لەشانۆدا، بۆیە کارەکە بەرەو نهێنی گوتارە شانۆییەکەی دەبردین، هەر کاتێک متمانەی ئەکتەر و تێگەیشتن لەگوتارە شانۆییەکە ئامادەبوونی هەبوو دەتوانیت ئەوە ئەنجام بدەیت کە بیری لێ دەکەیتەوە، دەزانم بیرکردنەوە وابەستەی تێگەیشتنی ئێمەیە لەشانۆدا، بۆیە دەکرێت بزانین ئێمە لەشانۆدا چی دەکەین و بەرەو کوێ هەنگاو دەنێین، جا خۆ ئەوە پرسیار نیە هێندەی تێگەیشتنێکە بۆ سەر لەنوێ چوونەوە ناو هۆڵی شانۆ و دەستکردن بە کارێکی نوێ، تەواو دوور کەوتنەوە بێت لەو فەزایەی پێشوو بۆ ئەوەی بتوانین ڕووبەری بەتاڵی تیا بنوسینەوە، گەر وامان نەکرد پێویست ناکات بچینەوە هۆڵی پرۆڤە.

*قەیرانی مرۆیی لەسەر سنووری بێلاڕووس وای لێکردین بزانین کۆچکردن هەندێک ڕێگای تێدایە، ماڵەکەت بەجێدەهێڵیت و پێش ئەوەی بگەیتە ئەوێ سەرگەردان دەبیت، دەکرێت شتێکمان پێ بڵێ دەربارەی ئەم ڕێگایە؟

- ئەزموونی بێ ماڵی سەفەرێکی درێژە لە شا ئۆدیبەوە دەست پێدەکات، سەفەرێک پێویستە ڕوو نەدات، کە ڕوویدا دەبێت بزانین گەڕانەوە بۆ ماڵ خوڵقاندنی تراژیدیایە، ئەگەر لەدیدی سۆفۆکلیس و مانای ڕەمزی ئەو گەڕانەوەیە نزیک بینەوە دەبێت بڵێین گەڕانەوە بۆ ماڵ، کوشتنی باوک و سێکسکردنە لەگەڵ دایک، کە بە کوێریی کۆتایی دێت، بە واتایەکیتر گەڕانەوە بۆ ماڵ بەواتای کۆتایی خەونێک کە نەیەلیت شانۆت لەناو بمرێت، بەلام گەڕانەوە کوشتنی شانۆیە لەمندا، کاتێک دەرفەتی کاری شانۆییت نەدرا ئیتر چاوەڕێی من چیبکەم، تۆ دەزانی ئەوە ئەخلاقی هەموو سیستەمە فاشیەکانی دنیایە، وەک چۆن کاتی خۆی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٤٩ لەرێگەی وەزارەتی کولتور یەکەم کۆنفرانسی شانۆکارانی ساز کردووە، ئەم کۆنفرانسە دەبێتە هۆی یەکەم مەترسیەکانی کۆمۆنیزم بۆ سەر شانۆ، کەدەبێت شانۆ لەخزمەتی واقعی سۆسیالیستیدا دەربکەوێت، بۆیە زۆر شانۆنامەی شانۆنووسان ئیدی دەکەونە ناو هێلی سوورەوە، لەوانە شانۆنامەکانی میتسکییڤیچا و کراشینیسکی وڤیسپیانیسکی.

* بۆچی ناچار بوویت ئەو لادێیە جوانە و کولتوری نایاب و دەوڵەمەند و لە کۆتاییدا کارەکانت، ئەو ژینگە هونەرییە بەجێبهێڵیت کە تێیدا کارت دەکرد،

چـی ڕوویـدا؟
- نیشـتمان شـوێنێک نیـە بـە ئاسـانی جێـی بێڵیـت، لـەوێ سرووشـت و کولتـوور کاریگـەری بەسـەر پێکهاتـەی هونـەری تـۆووە هەیـە، پەیوەندیـت لەگـەڵ بینەرەکـەت لەوێوەدەسـت پێدەکات، نمایشـی شـانۆیی پـردی پەرینەوەتـە لەگـەڵ کۆمەڵـگا، کاتێـک نیشـتمان جێدێڵیت یەکـەم خەمی گـەورەت ئەوەیـە ئیدی دەبێت ئـەو کولتـورەی بـۆی دەچیـت بتوانیـت تێـی بگەیـت و لەگـەڵ زمانەکـەی پەیوەندی بخولقێنیت، هەموو شـتێک بۆ تۆ نامۆیـە، سـەرەتا چەندیـن سـاڵت پێویسـتە لەنـاو دۆخی بێدەنگیدا خەریکی زمـان و خوێندنـەوە بیت، بۆ ئـەوەی بتوانیـت خـۆت ڕێکبخەیـت، بۆیـە سـەفەرکردن لەنیشـتمان شـتێک نیـە بە ئاسانی بتوانیت بڕیاری تیا بدەیت، هەڵبـەت قسـەی من لەسـەر کەسـی شـانۆکارە، نـەک مرۆڤگەلێـک کـە فریـودراوی وێنـەت میدیایـی و فیلمـە بازرگانـی و پۆرنەکانـن.
*بابگەڕێینـەوە بـۆ پرسـیاری سـەرەتا، تـۆ مافـی پەنابەریـت وەدەسـت نەهێنا، بەڵام دەزانم تۆ تەسـلیم نابیت، چاوەڕوانی چی دەکەیت لە پۆڵەندا؟ دەتەوێت چـۆن بژیت لێرە؟ چی دەکەیت؟
- دەبێت بگەڕێینـەوە بۆ سـەرەتایەکی زۆر دوورتـر، کاتێـک خـەون دەبینیـن، ئایـا ئەکرێـت کـە خەونەکـە نەهاتـە دی، ئێمـە تەسـلیم بیـن؟ دنیـای خـەون گەڕانـە

بەدوای ئەوەی نایەتە دی، چۆن وا دەکەین ئەوەیان بێتە دی، ئەوە ئارامگریەکی زۆری پێویستە، پێویستە تورە نەبین، برینەکانمان ببەینە ناو شانۆ، تا بتوانین دیالۆگی کولتوری بخولقێنین، تورەبوون کاری ئێمە نیە، لەچی توورە بین لەوەی ڕوو دەدات؟ جا بۆ ڕوو نەدات، دنیا شتێکی تیا ماوە ڕوو نەدات؟ تا من بڵێم ئەوە چیە لەژیانی من ڕوو دەدات؟ هیچ شتێک لەئێستادا هێندەی شانۆنامەکانی شکسپیر لەمرۆڤی هاوچەرخ نزیک نیە، هەر بەڕاستی ئێمە لەسەردەمی تراژیدیادا دەژین، ئەگەر لەگەڵ شانۆنامەکانی یۆرپیدس تراژیدیا کۆتایی هات بەپێی لۆژیکی سوکرات بۆ تراژیدیا کەوتینە ناو فەزایەک کە تراژیدیا لەفۆرمە کلاسیک و گریکیەکەی بەرەو کۆتایی دەچوو، بەهۆی کارەکتەرەکانی وەکو ئەلیکترا و ژنانی تەڕوادە، بەڵام ئێمە ئێستە لەبەردەم تراژیدیای ڕاستەقینەی مرۆڤداین، پێویستمان بە یاخی بوونی ئەنتیگۆنا هەیە لەوەی دەبێت ئەو تەرمە بنێژرێت، ژمارەی تەرمی کوردەکانی سنوری پۆڵەندا بیلارووسیا چەندە؟ نایەڵن تەرمەکان بشنێژرێن، هەر ئەوە نەبوو ئەنتیگۆنا لەبەردەم دەسەلات یاخی بوو ووتی «دەبێت ئەم تەرمە بنێژرێت» ئاخۆ ئێمە لەئێستادا لەگەڕانەوە نین بۆ سەردەمی تراژیدیا، هەڵبەت تراژیدیا بەتەواوی مانا شانۆیی

و فەلسـەفیەکانیەوە، ڕەنگـە ئێـرە شـوێنی سـەلماندنی ئـەو قسـەیەم نەبێت، بـەڵام پێویسـت دەکات ئـەوە بگوازمـەوە نـاو ڕووبـەری نمایشـی شـانۆیی، تـا دنیـا تێبـگات ئیـدی ئێمـە لەسـەردەمی تراژیدیـادا دەژیـن.

## نیشتمانی ڕاستەقینەی من شانۆیە

**ئەم گفتوگۆیە وەلامی کۆمەڵێک پرسیاری ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند «سەڵاح حەمە ئەمین» ـە، کە ئاراستەی ئێمەی کردبوو، لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە ١٢٢٩ بلاو بۆتەوە.**

*دوای ئەم چەند ساڵە لە دوورکەوتنەوەت لە کەرکوک چۆن دەڕوانیتە ئەزموونەکانی ئەو ماوەیەی لە کەرکوک کاری شانۆییت ئەنجام داوە ؟

– کاتێک خاوەنی پرۆژەی ستراتیژی بوویت دەبێت بەو ئاستە کار بکەیت کە بتوانیت زەمینە بۆ داهاتوو بخوڵقێنیت، بۆیە ئەوەی من لەڕابردوو ئەنجاممدا بۆ داهاتووی ئەم شانۆیە بوو، تاوەکو نەوەی نوێ بتوانێت بە فۆڕم و بیرکردنەوەیەکی جیاوازتر کاری شانۆیی بکات، مەرج نیە جیاواز بوون باشترین بێت، بەلام گرنگە فێربین وەک یەک کار نەکەین و بتوانین سیمای خۆمان لەکارکردن دەست نیشان بکەین، هەر کاتێک توانیمان لەوانیتر نەچین، ئەوساتە ئێمە فرەیی لەکاری شانۆیی وەدەست دێنین، ئەو دەمە بینەر بەپێی چێژ و بیرکردنەوەی خۆی بریار دەدات بەرەو کاری کام شانۆکار بڕوات، ئێمە نابێت

یەک فۆرم بسەپێنینە سەر شانۆ تا بینەریش ناچار بکەین تەنیا ئەوە بە شانۆ بزانێت، پڕۆژەیەک نیە لەشانۆدا بۆ ڕزگارکردنی شانۆ، هندەی پێشنیاری جیاواز هەیە بۆ شانۆ، ئەوەی منیش لەڕابردوو ئەنجاممداوە هەوڵێکە کە زادەی تێگەیشتنی من بووە لەشانۆ سەرەنجام وەک فۆرمێکیتر و جیاواز لەکاری شانۆی دەرکەوتووە تا زەمینەیەکی پتەو بۆ داهاتوو بخولقێنێت.

*بەپێی ئاگاداری بەڕێزتان ئێستا چۆن ئەڕوانیتە بزوتنەوەی شانۆی کوردی لە کەرکوک، دوای ئەوەی مەشخەڵەکەی خۆتت سپاردە چەند شانۆکارێکی گەنج ؟

- کاتێک لەدەرەوەی شوێنێک بیت و نەتوانیت کارەکان ببینیت، هەموو قسەکردنێک زادەی هەواڵە و سنوری هەواڵەکە تێناپەڕێنێت، بۆیە بۆ من سەختە بتوانم لەو بارەیەوە قسە بکەم، چونکە خۆم لەوێ نیم، نازانم کارەکان چۆنن هەموو زانیاریەکم تەنیا ئەوەیە کە هەواڵی کارەکان ئەبیستم، ڕەنگە شتەکان لەسنوری ئومێد دەرنەچن، کاتێک بزووتنەوەیەکی شانۆیی گەنجان لەئارادا بێت ئەوە ئومێدێکی گرنگی کارکردنە، بەڵام گرنگ بەردەوامی و لەیەکنەچوونە تا بتوانن فرە خاسیەتی بۆ شانۆ بنیات بنێن، چونکە یەکێک لەگرفتەکانی شانۆی ئێمە لەیەکتر چوونە

نـەک لەیەکتر نەچوون، هـەر ئـەو هـۆکارە لەژیاندا منی کردە دەرهێنـەری شـانۆیی، کاتێک بینیـم لەیەکچـوون هەبوو مـن چێژم لەشـانۆیەکیتر دەبینی ئـەو شـانۆیەم نەبینی، بۆیـە خـۆم هەوڵمدا کاری بۆ بکـەم، بۆ ئەوەی شـانۆیەک هەبێـت جیـاواز لـەوەی هەیـە هیـچ گرنـگ نیـە کاری تـۆ لەهـی کـەس باشـتر بێت گرنگ ئەوەیە بەرهەمـی بیرکردنـەوەی خـۆت بێـت و لەهـی کـەس نەچێت، ئـەوە بۆ مـن ئەفسـوونی ڕاسـتەقینەی شـانۆیە

*دوای ئـەم چەنـد سـاڵەی لـە هەنـدەران ژیانـت بردەسـەر، تاراوگـە چـی بـۆ ئەزموونـە شـانۆییەکەت زیادکـرد ؟

- تـۆ کـە هەسـتت کـرد هاوڵاتیەکـی کۆمـاری شـانۆییت نیشـتمانی تۆ لەسنوری وڵاتەکانـەوە دەست پێنـاکات، نیشـتمانی ڕاسـتەقینەی مـن شـانۆیە، هـەر کاتێـک ئـەو دەرفەتـە هاتـە پێشـەوە دەبێـت نەوەسـتیت و کار بکەیـت، چـوار سـاڵی ژیانـی مـن لـە پۆڵەنـدا هـەوڵ و کۆششـێکی زۆری ویسـت سـەرەتا لـەوەی ڕووبـەرووی سـەخترین زمـان دەبمـەوە کـە زمانـی پۆڵەندیـە، بۆیـە فێربوونـی زمـان سـاڵانێکی زۆری تەمەنـی بـردم تـا بتوانـم لەنـاو ئـەو شـانۆ گرنـگ و دەوڵەمەنـدەی خۆرئـاوا لەسـەر پێـی خـۆم بووەسـتم و بوێـری ئـەوەم هەبێـت بیـر لەکارکـردن بکەمـەوە، بەتایبـەت کارکـردن لەگـەڵ یەکێـک لەهـەرە دیارتریـن

ئەکتەرانی شانۆی پۆڵەندی، ئەوە بۆ خۆی سەرکێشی و بوێریەکی زۆری پێویست بوو، ئەوە بوو لەگەڵ ئەکتەر و پێرفۆرمێری ناسراوی پۆڵەندی یۆوانا سارنێچکا دوای گفتوگۆیەکی زۆر بریارماندا دوو پێرفۆرمانس پێشکەش بکەین، بەدوای نمایشکردنی لە شاری کرۆسنۆ ئەو شەرەفەم بەرکەوت بتوانین لەوارشۆی پایتەختی پۆڵەنداش نمایشی بکەین، کە رۆژنامە و سایتە شانۆییەکان بە گرنگەوە باسیان لەو هەوڵەی ئێمە کرد، سەرباری ئەوەی خوێندنم لە خوێندنگای دراماتۆرگی لەژێردەستی دراماتۆرگی ناسراوی پۆڵەندی ئارتور پاویگا، ئاسۆیەکی تر بوو بۆ تێگەیشتنی جیاواز و لە یەکنەچوونی زیاتر لا تۆختر کردمەوە، ئەوە سەرباری کارکردنم لە کۆرسی راهێنانی جەستە و دەنگ لە دیارترین شانۆکانی شاری وارشۆ بە ناوی شانۆی هاوبەش ئاسۆیەکیتری خولقاند کە بتوانین لە داهاتوو لەو ئەزموونە سوود بە بزووتنەوە شانۆییەکەمان بگەیەنین.

* لێرەدا ئارەزوو ئەکەین تیشکێک بخەیتە سەر ئەزموونە عەمەلی و تیۆرییە شانۆییەکانت؟

- سالانێکی زۆرە خەریکی کتێبێکم لەبارەی شانۆی پۆڵەندی، کاتێک فێری زمانی پۆلەندی بووم تێگەیشتم دەبێت سەر لەنوێ بەو کتێبەدا بچمەوە،

بۆیە بەردەوام کاری تیا دەکەم و کتێبەکەش تایبەتە بە سەد ساڵەی شانۆی پۆڵەندی لەسەدەی بیستەمدا، سەرباری ئەوەی کتێبێکم تەواو کردووە بەناوی فەلسەفە و شانۆ، لەئێستادا خەریکی پلاندانانم بۆ دەرهێنانی شانۆگەری «شێتەکەی کاتژمێر ٤:٤٨» ی سارە کەین بە زمانی پۆلەندی، لەرێی سینۆگرافیای مالی کوردیەوە، تا گرفتی خۆکوشتن لەنێوان کولتوری خۆرهەلات و خۆر ئاوا بخەینە ڕوو، ئەوە تازەترین پرۆژەی پراکتیکیم دەبێت، بەلام سات و کاتی دەست کردن بە کارکردن هێشتا نادیارە.

# پاژی چوارەم:
# شانۆنامە

## پەناهەندە

تەختـەی شـانۆ ڕووبەرێکـی بەتـاڵ، ئـەوەی هەیـە تەنیا خێمەیەکی بچوکی یەک کەسیە کە بەزەحمەت دەتوانێـت شـوێنی کەسـێکی تیـا ببێتـەوە، ئەگەرچـی ئـەو خێمەیـە بـۆ ئەکتەرەکـە وەک مـاڵ بەکاردێـت.

تیشـکێک دەچێتـە سـەر خێمەکـە، لـەلای ڕاسـتەوە سـەری ئەکتەرەکـە دەبینیـن وەک چـۆن لـە خـوارەوەی خێمەکـەش قاچەکانـی بەدەرەوەیـە، ئـەوەی لەنـاو خێمەکەیـە تەنیـا لـەش ولاریەتـی، لـە شـێوەی باندۆلـی کاتژمێرێکـی کـۆن قاچەکانـی دەجولێنێـت، دەیەوێـت خێرایی ڕۆژەکان تێپەڕێنێت، قاچەکانی بەیەک ئاست لە کاتژمێر دوانـزە  بـەرز دەبنـەوە، تیشـکی ڕوناکیەکـەش بـەرەو کـز بـوون دەچێـت، روناکـی سـەر ڕووخسـاری دەگۆڕدرێـت، بـۆ تیشـکێکی سـوور، لەگـەڵ گۆڕانـی ڕوناکیەکەدا، ڕووخسـاری بەرەو بینەران دەسووڕێنێت، لەکەسـێکی ترسـاو دەچێـت، کـە ترسـی لـە قسـەکردن هەیـە، بەبێ ئـەوەی هیـچ ئاماژەیەکـی درووسـت کـراو بەڕووخسـاری ببەخشـێت، تەنیـا چاوەکانـی ترسـێک بەرجەسـتە دەکـەن، لێرەوە پەیوەندی ئەو بەشێوەیەک لەگـەڵ بینـەران درووسـت دەکات، وەک ئـەوەی هـەر هەمـوو بـەدەوری خێمەکـەی ئـەو وەسـتابن.

ئەکتەر: سەیری چی دەکەن؟ هێندە بێ کارن، خۆتان بەمنەوە خەریک کردووە؟ چیە کەسێکی بێ ماڵتان نەدیووە؟ نانا ببوورن مەبەستم کەسێکتان نەدیووە ماڵەکەی لەخێمە دروست کرابێت، دەمەوێت هەفتەیەک ماڵەکەم لەسەر ئەو ڕێگایە بێت، بڕوا ناکەم کەستان لەوەدا کێشەتان هەبێت، ڕەنگە ئەو زەویە وەک زبڵدان لێی بڕوانن، کەسێک کە شوێنێکی نەبێت هەر دەبێت لێرە بمێنێتەوە، بیرمە ئەو ڕۆژانەی لەئیتالْیا بووم، شەوان لەکەنار دەریا خێمەکەم هەڵئەدا، شەوێکیان خەوم نەدەهات، پێڵاوەکەم لەناو خێمەکەم دانا، پەنجەکانم بەسەر لمەکە دەیبردمەوە ناو خەیاڵی فیلمێک.. کە نازانم کەی بینی بووم، گوێم لەدەنگێک بوو، دەنگێک لە حاویەی زبلدانەوە ئەهات، نزیک دەبوومە، لەو پەنجەرەیەی سەرەوە ڕوانیم ڕەشپێستێک بەسەر خاشاکەوە پاڵ کەوتبوو پێی دەووتم:

«لێرەدا لاسایی ڕەش پێستەکە دەکاتەوە، ئەو بینراوە لەڕێگەی گۆڕینی شێوەی خێمەکە دروست دەکرێت»

ڕەش پێست: چیە تۆش خەوت نایەت؟ لەوە دەچێت یەکەم شەوت بێت لێرە، هەر وایە مرۆڤ لەیەکەم شەودا تا بەماڵەکەی ڕادێت کەمێک سەختە، دواتر هەموو شتێک ئاسایی دەبێتەوە، نیگەران مەبە.

«دەچێتەوە دۆخی خۆی»
ئیدی تێگەیشتم ئێمە کە لەماڵەکانمان هاتووینەتە دەرەوە.. هەندێکمان تەنەکەی خۆڵ دەکەین بەماڵ و هەندێکیش وەک من خێمە بچکۆلەکان..
«شوێنەکەی خۆی دەگۆڕێت، هەوڵ دەدات خێمەکە بباتە ناو تاریکی سەر شانۆکە، لە سووچێک دادەنیشێت تا بکەوێتە قسەکردن، وەک ئەوەی شتێکی بیر کەوتبێتەوە»
منداڵ بووم کاتێک بەدیار تەلەفزیۆنەوە دادەنیشتم فیلمێکی کارتۆن هەبوو، سەگێک لەبەردەمی ماڵەکەی خۆی بوو، بیرمە ماڵەکەی ڕێک لەو خێمەیە دەچوو، بۆ ئەوەی تێبگەن ئەو فیلمە چۆن، لێم بڕوانن، تا خۆتان لێ دەبێت بەمن، ئاوا وەک ئێستا کە سەیرم دەکەن، وەک ئەوەی من سەگەکە بم و ئەوەش خانووەکەم.
«هەڵدەستێتەوە شوێنەکەی خۆی دەگۆڕێت»
نەمدەزانی ڕۆژێک دێت ئەو کارتۆنە دەبێتە چیرۆکی ژیانم، نا بەڵکو من لەمنداڵیەوە بەدیار چیرۆکی ژیانی خۆم دانیشتبووم، بۆیە ئێواران هێندە بەچێژەوە لێم دەڕوانی.
«دەچێتە ئەو دیووی خێمەکە، لەوە دەچێت کات بەلایەوە درەنگی کردبێت»
کەسێک لەئێوە دەتوانێت بزانێت تاریکی ئەمشەوە

چەندی ماوە بۆ سپی بوونەوەی دنیا؟ ئەگەر ئەم تاریکیە تەواو نەبوو چی؟

لێمگەڕێن ئەم هەفتەیە بخەوم، نازانم هەفتەی داهاتوو، بانگم دەکەن و مافی ئەوەم پێدەدەن وەک هەر کەسێکی ئاسایی بژیم. ڕەنگە جارێ دۆسیەی من نەگەیشتبێتە ئەم وڵاتەوە، هەر چۆنێک بێت پێویستە تا کۆتایی ئەم مانگە بخەوم، ئا بەڕاست خۆ من برسیمە، دەبێت لەو ناوە شتێک هەبێت بیخۆم.

«بەناو زبڵدانەکە بەدوای پاشماوەی خۆراک دەگەڕێت، شتێکی دەست دەکەوێت دواتر دەیتفێنێتەوە و سەر لەنوێ پەنای بۆ دەبات»

دەزانم پاشەڕۆی سەگە، بەڵام خۆ خۆراک بووە بۆتە پاشەڕۆ، کەواتە نابێت گلەیی بکەین، باش نیە پاشەڕۆی سەگیشم دەست بکەوێت «دەیەوێت بینەران بدوێنێتەوە»

لەوە ناچێت پلانی ڕۆیشتنتان هەبێت، دەترسم شەوی یەکشەممە بێت و من لەناوەڕاستی گۆڕەپانی ئاهەنگەکە بم و بەخۆمم نەزانیبێت، کەوایە باشتر وایە لەدەرەوە نەمێنمەوە، با ئاهەنگەکەتان لێ تێک نەدەم، زۆر داوای لێبووردنتان لێ ئەکەم

«بەدەم ئەو قسانەوە دەچێتەوە ناو خێمەکە، تاوەکو ڕوناکی بەتەواوی لەسەری دەکوژێتەوە»

***

ڕووناکیەکی کراوەی سپی، کوێرێک بەو ناوەدا تێدەپەڕێت، هەر هەمان ئەکتەرە، لەوە دەچێت، ئێستا چاوەکانی لەدەست دابێت، لەڕێی سرووتێکی دەنگەوە، نزا دەکات و داوا لەخودا دەکات، کە ڕوناکی پێ ببەخشێت، وەک ئەوەی خودا لەم چۆلەوانیە بەجێی هێشتبێت.

ڕوناکی سەر شانۆ لەگەڵ هێزی دەنگی ئەو تاریک دەبێت، بەلام هێشتا ئێمە ئەو دەبینین، وەک ئەوەی زەوی قووتی بدات، سزای بخرێتە سەر، ئیدی ئەوە دوا ساتەکانیەتی لەژیاندا، شین بۆ مەرگی خۆی دەگێڕێت، تەواوی ئەو حالەتانە لەڕێی دەنگ و جەستەوە بەرجەستە دەکات، تا هەست دەکات بەرەو شێتی ڕووبەروو بۆتەوە، لەگەڵ ڕەنگی شین جەستەشی شین هەڵدەگرێت، بەرەو مردن هەنگاو دەنێت، تا سەر شانۆ تاریک دەبێتەوە.

***

«هیچ شوێنێکی لەناو خێمەکە دیار نیە، تەنیا سەری لەدەلاقەی خێمەکە دەرکردووە، هەر بەتەواوی شێت بووە، شێتێک ئیتر دەزانێت دەمرێت و کۆتاییەتی، ترس لەمردن وای لێ دەکات. هەمیشە جەستەی لەناو خێمەکە بشارێتەوە، تەنیا ڕووخساری بەدەرەوە بێت ئەویش بۆ لاواندنەوەی خۆی و قسەکردن تا خۆی لە مردن بپارێزێت.

دایکە خەوم بینی.. لەخەومدا کوێر ببوم، دایکە شێت ببووم، لەشم شین دادەگەڕاو دەمردم، دایکە لێرە کەس نامناسێت، ئێواران کەسێک لەبەردەرگا لەکۆڵان بانگم ناکاتەوە، دایکە بیرتە کەسەیری فیلمی کارتۆنی سەگەکەم دەکرد، تۆ دەتووت

دایک: خواردنەکەت ساردبۆوە، ئەو سەگە هەموو شەوێک هەر لەماڵی ئێمەیە، ئەها دڵنەواییت دەدامەوە، ئەها سەگەکەش خواردنی قاپەکەی بەردەمی هەمووی خواردو تۆ نانەکەت هەر نەخوارد.

ماندووم دەمەوێت بخەوم خەوتنێک بخەوم هەڵنەستمەوە تا ئەو ڕۆژەی ناسنامەیەکم پێ دەدەن، بۆم هەبێت وەک ئێوە ماڵێکم هەبێت، بەئارەزووی خۆم سەفەر بەدنیا بکەم. مناڵێکیشم هەبێت و یاری لەگەڵ بکەم، ببورن ماندووم دەخەوم شەوتان شاد.

«سەری لەناو دەلاقەی خێمەکە دەباتەوە ژوورەوە، بەشیوەیەک خۆی گرمۆلە کردووە هیچ شوێنێکی جەستەی دەرناکەوێت، لەوە دەچێت لەناو خێمەکە بلەرزێت، لەگەڵ دەنگی پرخە پرخی گوێمان لەزەنگی کلێسا دەبێت و ڕۆژ دەبێتەوە، ئەو هەر خەوتووە ڕوناکی دەگۆڕێت و شەو دادێتەوە ئەوەی دەگۆڕێت تەنیا دەنگی پرخە و جولەی ناو خێمەکەیە، تا بە تەواوی سەر شانۆ تاریک دادێت.

## کەونارا

(١)

کاهینێکی فیرعەونی چاوەکانی لەدەست داوە، بەناو ئەو پانتاییەدا تێدەپەڕێت، حەشاماتێک لێی نزیک دەبێتەوە، دەیەوێت هەست بە بۆنێک بکات، لەوە دەچێت بەدوای بۆنی عەشق بگەڕێت، دەست بۆ سیمای خەڵکەکە دەبات، دەستی هەندێک دەگرێت بەڵام هەست بە عەشق ناکات، ئەو کە چاوەکانی لەدەست داوە، بەڵام لەوەش دڵنیایە عەشق لەسەر زەوی بوونی نەماوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر کەونارا، خوای عەشقی فیرعەونیەکان، هاواری بۆ دەکات تا بێت بەدەم نزاکانیەوە، ئەوە سرووتێکی دەنگی تایبەتە.

(٢)

پیاوێکی ڕووت و قوت دەیەوێت ڕووتی خۆی لە کۆمەڵگا بشارێتەوە، هەست دەکات پەنجەکانی پەڵەی تاوانی بەسەرەوەیە، ئەو تەنیایە.. ترس لە تەنیایی دەیگەیەنێتە ئاستی تەنیا بوونی مەسیح، بۆیە وەک مەسیح دەڵێت «خوایە بۆ بەتەنیا جێت هێشتم».

(٣)

ئـەو دوو پیـاوە لـە بیابانێکدا بەیـەک گەیشـتوون، هەرچەنـدە هەریەکەیـان بـە ئاراسـتەیەکی پێچەوانـەی یەکتـری ڕێدەکەن، شـینێک سـاز دەکـەن، لەو سـرووتی ماتـەم و خەمـەی ئەوانـدا لـەوە دەچێت، ئـەوان شـین بـۆ کوژانـەوەی ئاگـر بکـەن.

(٤)

پیاوێک بەدیار دەفرێک خۆڵـەوە دانیشـتووە، دەیەوێت سـەرچاوەی خۆی بۆ ئـەم خۆڵە بگەڕێنێتـەوە، لە قوڵایی ناو ئـەم وێنەیـەوە ژنێک دەبینین کە دەسـتەکانی پڕن لـە گەنم، لەپشـت پیاوەکە دەوەسـتێت.. پیاوەکە دانیشـتووەو سـەر بـۆ ئاسـمان بـەرز دەکاتـەوە، دەبینێـت ژنەکـە هەرچـی گەنـم هەیـە دەیڕژێنێتـە نـاو دەفـری خۆڵەکە.

(٥)

ژنێـک لەسـەر کانـی شـەربە ئاوەکـەی پڕ کـردووە، بە ڕێگادا تێدەپەڕێت، دەگات بـەو پیاوەی بەدیـار گەنـم و خـۆڵ دانیشـتووە.. ئاوەکـە دەیڕژێنێتـە سـەر پیاوەکـە.. پیاوەکـە دەسـتەکانی بـەرز دەکاتـەوە، ڕووخسـاری بـەرەو ژنەکـە دەسـوڕێنێت، ئێسـتا ئاوەکـە تێکەڵـی دەفـری خۆڵەکـە بـووە، قوڕێـک درووسـت بـووە کـە پڕیەتـی لـە گەنـم.

(٦)

سەری ئەو پیاوە دەپەڕێنێت کە بەدیار قوڕەکەوە دانیشتووە، دەیخاتە ناو قوڕەکەوە.. ئەوە ونکردنیەتی لەناو قوڕ.

(٧)

ژنەکە خەو دایگرتووە دەفرێک قوڕی پێیە لەشێوەی ماتەم لەو خەڵکە نزیک دەبێتەوە، تا بەشداری پرسەکەی بکەن، ئەوان سەیری دەکەن کەچی ئەو دەستی هەندێکیان دەخاتە ناو قوڕەکە.. لەبەرامبەر هەندێکیشیاندا قوڕ دەدات لە ڕووخساریان.. ئەوان لێی ڕادەمێنن، کەچی خۆی لەناوەڕاستیان دەوەستێت و دەکەوێتە شینگێڕانێک کە زیاتر لە زیکرێکی دەروێشانە دەچێت.

(٨)

پیاوە ڕووتەکە هێلنجی دێت و سروودێکی نیشتمانی دەتفێنێتەوە.

(٩)

کائینە فیرعەونیەکە لەوە دەچێت تووشی شێتی هاتبێت، ئێستا شێوەی هەر لە هیندیە سوورەکان دەچێت، وەک ئەوانیش دارێکی بەدەستەوەیە، سرووتی

پاکبوونـەوەی دایـک (موتـی) لەگونـاە ئەنجـام دەدات، پیـاوە ڕووتەکـە گوناهەکانـی لـە ئۆدیـب دەچێت، ئـەو دەمـەی هیندیـە سـوورەکە لێـی نزیـک دەبێتـەوە، پێـی دەڵێـت (چـۆن؟) کەچـی ئـەو خەریکـە گاز لەناوگەڵـی خـۆی دەگرێت.

لـەو دەمـەی پێـی دەڵێـت (بـۆ؟) ئـەو هەسـتکردن بـە گوناهەکانـی وا دەکات ددانەکانـی بـوەرن، هندیـە سـوورەکە دەیەوێـت پرسـیار بـکات، پرسـیارێک لـە ووشـەی (کـەی؟) تێناپەڕێت، کەچی ئـەو وەک ئۆدیـب چاوەکانـی خـۆی هەڵدەکۆڵێـت، لێـی ئەپرسـێتەوە (لەکـوێ؟) ئۆدیبـی کوێـر خوێـن بـە چاوەکانـی دێتـە خـوارەوە، دارەکـە لەدەسـتی فیرعەونیەکەیـە، کـە بۆتـە هیندیـە سـوورەکە لێـی وەردەگرێت، بـەدەم ئـازارەوە ئـەم شـوێنە بەجێدێڵێـت.

(١٠)

پیاوە کوێرەکە ئێستا ڕووت نیە، جلوبەرگی زەردەشتی لەبـەرە، لەبـەردەم ئاتاشگایەکدا خەریکی وێرد خوێندنـە، کـە لەسـەر دەنگـی لاوانەوەیەکـی گەرمیانـی دەیچڕێت، وێردەکە تێکستێکی نـاو ئاڤێسـتایە.

گەوشـا بورڤـا گـەرەج دا کا بـا ئیمـا.. سڤەروشـدام کاما تەشـەک ئاما.. ئەشمو ئەزەز، چارەبوو، ئایشـتایە، دەرەش چـا، تەفیش چـا.

(١١)

کائینە فیرعەونیەکە خەریکی خوێندنەوەی شیعرێکی بۆدلێرە

خوایە ئازار پیرۆزکە
من دەروونم لەناو دەستەکانمە
حیکمەتەکانت سنووریان نیە.

(١٢)

ژنەکە لەناو دەفرێکی گەورەی ئاودایە، دەیەوێت خۆی پاکبکاتەوە، لەتۆنی سپرانۆی دەنگی گۆرانیبێژێکی ئۆپیرایی گۆرانی دەڵێت، وشەی گۆرانیەکە بریتیە لە (ئاهورا)، کائینە فیرعەونیەکە و پیاوە ڕووتەکەی سەرەتا بەرەو ڕووی دێن، ئەمێستا بەهەرسێکیان (ئاهورامەزدا) تەواو دەکەن.

ژن: ئاهو
فیرعەونی: را
ڕووتەکە: ما
ژن: دا

بە هەرسێکیان پەلاماری دەفرە ئاوەکە دەدەن و بەناو بینەران و خەڵکەکەدا دەیڕژێنن.

**ئەلبومی وێنە:**

**Foto: Paweł fiejdasz**





































